Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090101

# چالاکی سیاسی و فەرهەنگی کوردانی ڕۆژهەڵات لەژێر کاریگەریی پەرەسەندنی ڕووداوەکانی عێراق و باشووری کوردستان ١٩٧٠-١٩٧٤

یاسین خالید حەسەن

بەشی مێژوو// زانستەمرۆڤایەتیەکان // زانکۆی سلێمانی

ئەحمەد محەمەد ناسر

بەشی مێژوو // کۆلێژی پەروەردە // زانکۆی گەرمیان

**Article Info**

Received: January , 2022
Accepted : Febreuary ,2022
Published April ,2022

**Keywords**

کلیلی وشەکان: بەیانی ١١ی ئازار، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، قاسملو، کۆڕی زانیاری کورد، یەکێتی نووسەرانی کورد.

**Corresponding Author**

ahmed.nasir@garmian.edu.krd

**پوختە**

بواری هاوخەباتی سیاسی و فەرهەنگی نێوان باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەزۆری لەساڵانی جەنگی یەکەم بەدواوە بەڕوونی دەردەکەوێت، کە تائێستاش بەشێوازێکی زانستی بەکەمی لەسەری نووسراوەو لێکەوتە شاراوەو گرنگەکانی ڕوونکراوەتەوە،بەتایبەتی لەسەروبەندی دانووستان و ئاگربڕی (١٩٧٠-١٩٧٤)،کەئەوەش بەماوەیەکی گرنگی مێژووی کورد دادەنرێت لەڕووی گەشەکردنی بزاڤی سیاسی و فەرهنگییەوە لە هەموو بوارەکانی نووسین و ڕۆژنامەوانی و کاری چاپەمەنی کوردییدا، بەشێوازێك ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی نەك تەنها بەشی ڕۆژهەڵات، بەڵکوبەسەرهەموو پارچەکانی تری کوردستانیشدا هەبووە، ئەم توێژینەوەش بەکورتی ڕۆشنایی خستنێکە بۆسەر ئەو بارودۆخەی مێژووی کورد لە باشووری کوردستان وکاریگەریی لەسەر بەشی ڕۆژهەڵات، ماوەتەوە بڵێن توێژینەوەکە بەسەریەکەوە لە پوختەو دووتەوەری سەرەکی و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە، یەکەمیان :« دۆخی سیاسی و چالاکی حیزبی و کاری ڕێکخراوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سایەی بەیاننامەی یازدەی ئازاری ١٩٧٠ تابەرپابوونەوەی شەڕ لەیازدەی ئازاری ١٩٧٤»، لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردوحکومەتی عێراق.بەڵام تەوەری دووەم بەزۆری جەختکردنەوەیە لەسەرلایەنی فەرهەنگی باشوری کوردستان و چۆنێتی برەودان بەگەشەکردنی ڕووناکبیری کوردی لەشاری بەغدای ئەوماوەیەداو هاوکات کاریگەریی لەسەر ڕەوت و دەستەی ڕووناکبیریی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناونیشانی : « گەشەکردنی رووناکبیریی کوردیی لەباشووری کوردستان و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٧٠-١٩٧٥».

## پێشەکی:

**تەوەری یەکەم**

**دۆخی سیاسی و چالاکی حیزبی و ڕێکخراوەیی کوردانی ڕۆژهەڵات لەسایەی بەیاننامەی١١ی ئازاری ١٩٧٠ تا بەرپابوونی شەڕ لە١١ی مارتی ١٩٧٤.**

لەمۆرکردنی بەیاننامەی ئازاری(١٩٧٠) بەدواوە، بارودۆخێکی نوێ و هەروەها هەلومەرجێکی نوێ لەتەواوی عێراق و تەنانەت وڵاتانی دەوروبەروناوچەکەشدا هاتەکایەوە، بەتایبەتی وڵاتانی هەرێمی ، کە هەر لەمێژەوە کوردو وڵاتی کوردستانیان دوور لەخواستی دانیشتوانەکەی پێوەگرێ درابوو، هەر لە تورکیای میراتگری دەوڵەتی عوسمانی وئێران و سوریا، کە لەگەڵ ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠دا بە هەمووشێوازو بەهەمووپلانێك کەوتنە دژایەتیکردن وهەوڵی لەباربردنی، بۆنموونە وڵاتێکی وەك ئێرانی پەهلەوی لەلایەك کێشەیەکی لەمێژنەی سنووریی و دەریاوانی قووڵی لەگەڵ عێراقی دراوسێیدا هەبووە(الراو١٩٧٥:ص٢٠٣؛ فریدنی:١٣٦٩).لەلایەکی تریشەوە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو خەباتی چەکداری شۆڕشی کورد لە ئێران و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هێشتا چەند ساڵێکی زۆرکەم بوو، کە بە شێوازێکی زۆر دڕندانەی میلیتارستیانە سەرکوت کرابوو، هاوکات زۆرێك لەڕێبەرو سەرکردە دیارەکانیشی بەشێوازی جۆراوجۆر لەبەرەکانی شەڕدا کوژرابوون، یان لەلایەن بەرپرسان و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەوە لەباشووری کوردستان، لەئەنجامی داواکاری نارەوای فەرمانڕەوایانی ئێران و لەژێر فشارێکی توندی دەزگا سەرکوت کەرەکانی ئەووڵاتەدا بەتایبەتی ساواك ڕادەست دەکرانەوەو دواتریش زیندانی دەکران یان دەخرانە کونجی زیندانەوە، یاخود ڕاستەخۆو دوای دادگایی کردنێکی ڕووکەشیانەیان بەناحەق لە سێدارە دەدران، لەنێویاندا ئەو گروپ و دەستە حەوت کەسییەی، کە لەگەڵ ساڵح لاجانیدا ڕادەست کرانەوەو پاشان لە بنکەی سەربازی جلّدیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێدارە دران(گادانی٢٠١٢،ل ١٦٢؛حیسامی،ل١٩٨؛گوندی،ل ٥٦). هەروەها لەلایەکی تریشەوە فەرمانڕەوایانی ئێرانی لەچوارچێوەی «پەلامارێکی ڕەشبگیرییاندا بۆسەرگەلی کورد» دەستیان داوەتێ و لەگەڵ ئەوەشدا کەوتوونەتە :« گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆر لەبەندییە سیاسیەکان لەسەرۆك خێڵە کوردەکان و بەتایبەتی ئەوانەیان کە لەدەوروبەری ناوچەی سنووری عێراق نزیك بەقەڵادزەو تەوێڵە نیشتەجێن» هەروەها ئەوانەشیان « لەبەندینخانەکانی ورمێ و کرماشان و هەمەدان و تەورێز توونت کراون، بۆ یەکێك لەوبەندینخانەی کە کەوتۆتە یەکێك لەدوورگەکانی ئێرانییەوە لە زەریای قەزوین»، بەپێی هەواڵەکەو بەزۆری ئەوانەی بەرئەم شاڵاوە ڕەشبگیرییەی فەرمانڕەوایانی ئێرانی کەوتوون، لەنێویاندا :« محەمەد ئەمین جەعفەری ناسراو بەسان لهۆن و زۆراوبەگ، ئەمانەش لەو سەرۆك خێڵە کوردانەن، کەبەدوژمنکاری ناسراون لەگەڵ حوکمی شای ئێرانیدا» (هاوکاری،ژ٥،ل١).

لەلایەکی تریشەوەو بەپێی لێکدانەوەی ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی کرێس کۆچێرا (١٩٣٨-٢٠١٧) یەکێك لە خەوشەکانی ڕێکەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ ئەوەی بووە، کە بەخێرایی و لەکاتی گونجاوی خۆیدا جێبەجێ نەکراوە(کوچیرا،ل٣٦٠). هەرچەندە لەسەروبەندی ئەم ڕێکەوتن و بەیاننامە بەدواوە هەلومەرجێکی نوێ، نەك تەنها بۆحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەڵکو بۆزۆرێك لەوحیزب و کۆمەڵەو ڕێکخراوو تەنانەت کەسایەتییە سیاسیانەی ئێرانیش بەهەموو گەل و نەتەوەو ڕەگەزەکانییەوە هاتۆتەکایەوە، کە تائەوکاتە خۆیان بەنەیاری دەستەڵات و فەرمانڕەوایەتی ئێرانی شاهنشاهی دەزانی، ئیدی لەم ماوەیەشەوە هەموو ئەوانە هەلی ئەوەیان بۆڕەخسا، کە بەئاسانی بێنە نێوعێراقەوەو تەنانەت زۆرێك لەوانە توانیان بنکەو بارەگای تایبەت بەخۆیان بەهاوکاری حکومەتی عێراق و دەزگای هەواڵگری عێراق لەبەغدا بکەنەوە، بەڕادەیەك لەوبارەیەشەوە ئاسانکاری و هاوکاری جۆراوجۆر کراون، لەنێویاندا حیزبی تودەی ئێرانی، هەروەها جەماعەتی ژەنەراڵ مەحموودی پەناهیانی ئەزەربایجانی ئێرانی، کە زۆر بەئاشکرا بارەگای تایبەت و رادیوو سەرچاوەی ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆیان بەهاوکاری حکومەتی عێراقی کردبووەوە(حسامی،ل٧٨٢؛گادانی،ل١٨٧).

هەرچەندە حیزبێکی وەك دیموکراتی کوردستان بەپێی گێڕانەوەی ئەمیری قازی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب : هاتنەکایەوەی ئەم هەلومەرجەش بەنزیکەی ساڵێك و بەئاگاداری بارزانی و بارەگای بارزانی ئەوان پەیوەندییان لەگەڵ بەرپرسانی بەعس و حکومەتی عێراق بەڕوونی پەیدا کردووە،جگە لەوەش برێك هاوکاری و وەکو خۆی نووسیویەتی:« کەمەیارمەتیەکی نەغدی» و دەستگرۆیی مادیشیان لەرێگای دەزگای هەواڵگری عێراقییەوەوەرگرتووە، هەروەها لەڕووی پەیوەندی و ئاسانکاری پێویستەوە هێڵی پەیوەندی و تەلەفۆنی خراوەتە بەردەست ئەندام وکادیرە باڵاکانیان (قازی،ل١٦٧).جگە لەوەش هەرلەوماوەیەداو لەبەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ڕێکخراوێکی چەپی نوێی مارکسی سەر بەرێبازی ماوی لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩دا لەلایەن ژمارەیەك لەکەسانی وەك : عەبدوڵڵای موهتەدی، حەمەحسەینی کەریمی و فوئادی مستەفا سوڵتانی سەری هەڵداو لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمی رابردوو بەدواوە بە(کۆمەڵە) ناسران(سەردەشتی،ل٣٥٢). تائەوکاتەی بە ماوەیەك دواترو لەسەرهەمان ڕەوت و پێڕۆی سیاسی و فیکری لە عێراق و باشووری کوردستان بەهەمان شێوەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان )لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٠ لەگەڕەکی (ڕاغبە خاتون)ی ناوچەی ئەعزەمیەی شاری بەغدا، بە ئامادەبوون و ئەندامێتی :جەلال تاڵەبانی، شەهابی شێخ نوری، فازیل مەلامەحموود، فوئاد قەرەداغی، دلێرسدیق، ڕەفعەتی مەلاو فەرەیدون عەبدولقادر بڕیار لەسەر پێکهێنان و دامەزراندنی دراوە، وەك ئەوەی سەرەتا بڕیاریشیان وابووە، کە سنووری چالاکی و کارکردنیان لەعێراق و ناوچەکانی باشووری کوردستاندا بەشێوازێکی نهێنی شاروناوچەکانی:

بەغدا، سلێمانی، کەرکووك، هەولێر، بادینان و شاری خانەقین بگرێتەوە(عەبدولقادر:٢٠٢٠،ل١١٧).

واتە لەم کاتەش بەدواوە جۆرێك لە ململانێی حیزبی سیاسی و فیکری لە هەردووبەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا سەرچاوە دەگرێت و هاوکات هەرلەوکاتەشەوە چەند کەسایەتیەکی وەك دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، محەمەدئەمینی سیراجی و یوسفی ریزوانی بەمەبەستی پیرۆزبایی کردن سەردانی بارەگای بارزانی دەکەن، لەوێشەوە لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیاری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا چاویان بەیەکتر دەکەوێت و ڕاوێژی پێویست بەیەکدی دەکەن بەمەبەستی یەکگرتنەوەو دووبارە ڕێکخستنەوەی ریزەکانی حیزب بەشێوازێکی بەرفراوانتر لەو هەلومەجەی نزیك کردنەوە، کە ئەمانە چۆن بتوانن بۆجارێکی دی کۆنفرانسێك یان کۆنگرەیەکی حیزبی ببەستن و شانبەشانی ئەوەش کاروباری سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیان لەسایەی ئەوقۆناغ و بارودۆخە ڕەخسیووەی، کە لە عێراق و باشووری کوردستان تێی کەوتبوو، بەهۆی هەلومەرجی ئاگربڕو ئەودانووستان و دەستەڵاتەی کورد، کە لە عێراق و ناوچە کوردنشینەکاندا هەیبوو، هەر لە بەشداربوونی لە حکومەت و دامودەزگا وەزارییەکانی عێراق و هەروەها پێکهێنانی هەموو ئەوکەناڵە جیاوازانەی، کە لەم ماوەیەدا هاتبوونەکایەوە. ئەوەبوو لە ئەنجامی ئەو پەیوەندی و ڕێککەوتنەی، کە لەگەڵ حکومەتی عێراق دروستیان کردبوو، جگەلەوەش هەربەهاوکاری فەرمانڕەوایانی عێراق لە شاری بەغدا نووسینگەو بارەگایەکی حیزبی تایبەت بەخۆیان بکەنەوەو هەندێ کۆمەکی مادی و لۆجستی لەعێراق وەردەگرن کە هەردوولا هەوڵێکی زۆر دەدەن باسی نەکەن(کۆچیرا:٢٠٠٦،ل٤٤٩). لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لەبەرپرس و کەسە باڵاکانیان تیایدا بمێننەوەو کاروباری سیاسی و چالاکی حیزبی خۆیانی لێوەڕایی بکەن، هاوکات ئەوکادیرو ئەندامانەی تری حیزب، کە لەناوچەکانی کوردستانەوە دەچوونە شاری بەغدا بۆیان هەبێ لەوێ بمێننەوە(قاسملووزادە،ل٢٥١).

واتە لێرە بەدواوە جۆرە هاوپەیمانیەکی دووقۆڵی لە نێوان حیزبی بەعس و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەبەرانبەر هاوپەیمانی شاو مەلامستەفای بارزانیدا قوت دەکرێتەوە (کۆچیرا،ل٤٤٩). هەرچەندە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت، کە خۆی بەدوور بگرێت لە هەر دژایەتی کردنێکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نە لەسەرەتاکانی بەیاننامەی ئازارو نە لەوکاتەشدا، کە جۆرێك لە ناکۆکی و پیلانی جۆراوجۆری حیزبی بەعس بەرانبەر بەشۆڕشی کورد و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد سەرچاوە دەگرێت، لەوانە هەوڵدانی بەعس و ئاسایشی گشتی عێراق بۆپاکتاوکردنی بەرپرس و ڕێبەرانی کورد لەنێویاندا مەلامستەفای بارزانی، هەروەها پابەند نەبوونیان بەجێبەجێ کردنی بنەماکانی بەیاننامەی یازدەی ئازارەوە(الونداوی،ص٣٧٧؛سنجاری،ص٤٤-٥٠).بەتایبەتی لەوماوەیەدا کەپارتی دیموکراتی کوردستان لە ١-١٠ی تەمووزی ١٩٧٠دا، بە ئامادەبوونی مەلا مستەفای بارزانی و نوێنەری حیزبی بەعس و شیوعی و نیشتمانی دیموکراتی و زۆرێکی دی لەحیزبە عێراق ونوێنەری کوردەکانی وڵاتانی دراوسێ کۆنگرەی هەشتەمی خۆی لە(ناوپردان)، بەئامادەبوونی (٤٨٨) ئەندامی بەشداربوو گرێداو لەکۆتایی کۆنگرەشدا بارزانی بەسەرۆك دەستنیشانکرایەوە (الخرسان:٢٠٠١،ص١٨٦؛ أطلاعات،شمارە١٣٢٣٢). بەڵام جۆرێك لەنائومێدی لەگەڵ خۆیدا هێنایەکایەوە، چونکە یەکێك لەبڕیارەکانی کۆنگرە ئەوەبوو، کەسێکی وەك حەبیب محەمەد کەریمی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان وەك جێگری سەرۆك کۆماری عێراق و بەپێی بنەماکانی ڕێکەوتنامەی ئازاردەستنیشان بکرێت، کەچی بەرپرسانی بەعسی عێراق ئەم پێشنیارەیان پێ قبووڵ نەبوو، لەبەرئەوەی کەسێکی وەك حەبیب محەمەد کەریم بەلێکدانەوەی بەرپرسانی بەعس بەڕەسەن لە کوردانی فەیلی ئێرانییە، بەڵکو ئەوان بەزۆری لەسەرئەوە کۆك بوون مەلامستەفای بارزانی خۆی یان ئیدریسی کوڕی پۆستی ناوبراو لەئەستۆ بگرێ(قدورە:٢٠١٦،ل٨). هەرچەندە ئەوەی کە زیاترکۆسپ و تەگەرەی خستەبەردەم جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی بەیانی ئازارهوە دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو، جگە لە دواخستنی سەرژمێری و یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی و جیاوازییەکان، بەتایبەتی چارەنووسی شاری کەرکووك، کە بڕیاربوو لەکانونی یەکەمی ١٩٧٠دا کۆتایی بێت، بەڵام دواخرا بۆبەهاری ١٩٧١، لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانڕەوایانی عێراق جگە لەدەرکردنی کوردە فەیلییەکان بەرەو ئێران شانبەشانی ئەوەش کەوتبوونە تەعەریبکردنی ناوچە کوردنشینەکان، بەمەبەستی شێواندنی پێکهاتەی دانیشتوانیان و نیشتەجێکردنی عەرەبی هاوردەی کۆچەری تیایاندا، بەتایبەتی بۆناوچە ستراتیژییەکانی کەرکووك و شەنگال و خانەقین(کۆچیرا،ل٣٦٢-٣٦٣؛قدورە،ص٨).

سەبارەت بە کوردەکانی ئێران وبەتایبەتی حیزبی دیموکرات لەم هەلومەجەش بەدواوە ئەوانیش تاڕادەیەك ڕێگای ئەوەیان بۆفەراهەم بوو، بۆئەوەی بتوانن دووبارە خۆیان ڕێك بخەنەوەو کۆنفرانسی سێیەمی خۆیان ببەستن، وەك ئەوەی بە بەشداری (٣٢) ئەندامی دیاری حیزبی دیموکرات و لە٢١ی حوزەیرانی ١٩٧١دا لەشاری کۆیەی باشووری کوردستان و لەماڵی مەلاحەسەنی ڕەستگار بەڕێوەچوو(ڕەستگار:٢٠٢١،ل٣٥٢). بەڵام پێش بەستنی کۆنفراسەکە بەماوەیەك وەك بەرپرس و کەسی یەکەمی حیزب، دکتۆرقاسملوو لەبارەگای سەرەکی خۆی سەردانی مەلامستەفای بارزانی کرد، سەرەڕای گەیاندنی هەواڵی بەستن و گرێدانی کۆنفرانسی حیزب، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێنی ئەوەش لە مەلامستەفای بارزانی وەردەگرێت، کە لێرەبەدواوە مانگانە بڕی (٥٠٠) دیناری عێراقی وەك هاوکاری بدرێتە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کەچی ئەوەش تەنها وەك قسەیەك دەمێنێتەوەو ئەوکۆمەك و بەڵێنەش وەك پێویست بۆ حیزبی دیموکرات جێبەجێ ناکرێت (گادانی،ب١،ل١٨١؛حیسامی،ب٢،ل٢٢٣). بەڵام عەبدوڵلاحەسەن زادە وەك ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حیزب نووسیویەتی : پاش ئەوەی کەمێك جێی خۆمان کردەوە ئیدی دکتۆر

عەبدولڕەحمانی قاسملوو، ئەرکی نووسینی پەیڕەوی ناوخۆی گرتە ئەستۆو هەرلەوکاتەشدا کار دروستایی بۆبەستی کۆنفرانسی حیزب دەستی پێکرا(قاسملووزادە،ل٢٥٢؛بازیار:٢٠٢٠،ل٢٦٦). بەڵام هەنگاوی یەکەم وپێش بەستنی کۆنفرانسی سێیەمی حیزب بڕیاری پێویست لەسەرئەوەش درا، کە ژمارەی نوێی دەورەی پێنجەمی ڕۆژنامەی (کوردستان)، وەك ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات دەست پێ بکاتەوەو بۆ جارێکی دی بەزمانی کوردی و فارسی دەربچێتەوە، ئەوەبوو ژمارەی یەکەمی ئەم دەورەیەشی لە حوزەیرانی ١٩٧١ بەساڵێك و بگرەزیاتریش دوای بەیانی ئازار لەشاری بەغدا بڵاوکرایەوە. بەجۆرێك ڕۆژنامەی کوردستان چ لەبواری ڕەوانبێژی زمان و چ لەبواری بۆچوون و لێکدانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەوە لە نێو دەستەی ڕووناکبیری کوردستانی عێراقدا جێگای خۆی کردەوەو پێشوازی لێکرا، هەرچەندە لەودەمانەشدا بەکەمی ژمارەکانی دەگەیشتنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان(حیسامی:ب٢،ل٢١٩).

ئەوەبوو سەرەتا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات هەریەکەو بۆچوون و باری سەرنجی خۆی سەبارەت بەبارودۆخەکە باسکردووەو دواتریش کاتی پێویست هێڵراوەتەوە بۆئەوەی دکتۆر قاسملوو، وەك بەرپرسی یەکەم وتەی خۆی سەبارەت بەبارودۆخی دونیاو دۆزی کورد ،سەرەڕای ئەوهەلەمێژووییەی کە لەعێراقدا و چۆنێتی مامەڵەکردنی پێویست لەگەڵ ئەوبارودۆخەشی کە لەوقۆناغەداو لە باشووری کوردستاندا هاتبووەکایەوە، کە ئەویش لای خۆیەوە وەك زەمینەیەکی لەباروگونجاوباسی لێوەکردوە، هەرچەندە لەگەڵ هەمووئەوانەشدا ناکرێت و ناتوانرێت بوترێت کۆنفرانسی سێیەمی کۆیەی حیزب بێ کێشەوگرفت بەڕێوەچووە، بەتایبەت لەئەنجامی ئەوململانێیەی، کە لەنێوان دووبەرەی وەك : عەبدولڕەحمانی قاسملوو، حەمەدینی سیراجی وکەریمی حیسامی، کە زیاتر بەباڵی چەپ وتودەییەکانی نێوحیزبی دیموکراتی کوردستان ناسرابوون، توانیان ڕاوبۆچوونی تەواوی خۆیان لەوکۆنفراسەدا بسەپێنن، لەگەڵ بەرەی ئەو کادیرو ئەندامانەی تری حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە لەهەموو قۆناغ و دەورانێکدا لەگەڵ کێشەو گیروگرفتەکانی حیزبدا مابوونەوەو تاڕادەیەکی باش گۆڕەپانەکەیان چۆڵ نەکربوو، تائەوکاتەی لەئەنجامی کۆنفرانسی ناوبراوداو پاش گفتوگۆو ململانێیەکی توند سەبارەت بەسەپاندن و کاندیدکردنی کەسێکی وەك حەمەدەمینی سیراجی بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی چەند کەسێکی وەك : عەبدولڕەحمانی قاسملوو، کەریمی حیسامی، حەمەدەمینی سیراجی، حەسەن ڕستگار، عەبدوڵڵا حەسەن زادە، هێمنی موکریانی، ئەمیری قازی، سەید ڕەسوڵی دەهقان،مەلا قادری مەلاڕەحیمی ویردی، کەریم حەداد لەگەڵ مەلاڕەسوڵی پێشنماز بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات هەڵبژێردران(پێشنماز،ل٤٤٧-٤٤٨؛ڕەستگار :ب١،ل٣٥٥؛گادانی،ل١٨٣). هەروەها یەکێکی دی لەوکارەگرنگانەی کە لەڕۆژانی کۆنفراسی سێیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتبێتەدی ئەویش پەسەندکردنی بەرنامەو پەیڕەوی ناخۆی حیزب بووە، هەر لەڕۆژانی ئەم کۆنفراسەشدا بڕیاری پێویستی لەبارەوە دراوە،بەڕادەیەك هەنگاونانێکی لەم جۆرەش بۆجارێکی تر ڕێکخستنەکانی حیزبی لەکۆمەڵێك کێشەو قەیرانی جۆراوجۆر دەرباز کردووەو هەمیسان کردویەتی بەخاوەنی بەرنامەو پەیڕەوی پەسەندکراوی تایبەت بەخۆی. جگەلەوەش لەم هەلومەرجە بەدواوە هەریەك لە دکتۆر قاسملوو وەك سکرتێری حیزب و کەریمی حیسامی وەك جێگری سکرتێر هاتوونەتە بەرچاو، شانبەشانی ئەوانەش ئەمیری قازیش وەك دوورخراوەیەك و نوێنەری حیزب ناردویانەتە دەرەوەی وڵات وبۆئەم مەبەستەش وەك خۆی باسی لێوە دەکات لەوڵاتانی ئەوروپا خەباتی سیاسی خۆی درێژەپێداوە(قازی:٢٠٢٠١٤،ل١٧٤).

ئەوەی شایانی باسە هەر لە کۆتایهێنانی کۆنفرانسی سێیەمی کۆیەش بەدواوە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بەم شێوەیە پێکهێنراوەتەوە: دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو (سکرتێر)، کەریمی حیسامی، محەمەدئەمینی سیراجی، هێمنی موکریانی لەگەڵ عەبدوڵلاحەسەن زادە. واتە لێرە بەدواوەو وەك پێشتریش ئاماژەی بۆکرا باڵی تودەییەکانی نێو حیزبی دیموکرات، کە زۆرینەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی بوون وەك زۆرینەی حیزبی و بەرپرسیارێتی دەست بەسەر هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی حیزبی دیموکراتدا دەگرن، لێرەشەوە ئەو پەیوەندیەی، کە لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و فەرمانڕەوایانی حیزبی بەعسی عێراقدا سەرچاوە دەگرێت، لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و ڕژێمی شاهنشاهی دێتەکایەوە، جگە لەزیادکردنی ناوی (ئێران) بۆحیزبی دیموکراتی کوردستان، کە یەکێکی دی دەبێت لە بڕیارەکانی کۆنفرانسی سێیەم و بەردەوامیدان بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (کوردستان) وەك ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بەشێوازێکی باشترو بەناوەرۆکێکی فرەبابەت و دەوڵەمەندترەوە، هەروەها بەمەبەستی پەروەردەکردنی زیاتری کادیرانی حیزبی بڕیاری دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی ناخۆیی حیزبی دەدەن کە بەناوی (تێکۆشەر)،ناوبەناو بڵاوکراوەوتەوەو ژمارەکانی شانبەشانی ڕۆژنامەی (کوردستان) لەناوچە سنووریەکانەوە بەتایبەتی سنووری (بانە) و(قەڵادزێ)نێردراونەتەوە بۆشاروشارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (سەردەشتی:٢٠٠٣،ل٣٤٦).

واتە لەم ماوەیەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان تاڕادەیەکی زۆرباش لە نێو عێراق و باشووری کوردستانداو بۆجارێکی دی دەکەوێتەوە سەرسکەوڕاستەڕێی خۆی، کەچی کەریمی حیسامی سەرەڕای ئەوهەنگاوە گرنگانەی حیزب باس لەوەش دەکات کە لە :«پاش کۆنفرانسی سێیەمەوە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات قەت یەك دەست و یەك بیروباوەڕو تەبا نەبووە. لە نەخوێندەوارەوە بگرە تا دکتۆری ئیقتساد و لەسەوەدا گەرەوە بگرە تاهەژارو برسی، لە مارکسیەوە بگرە تامائویست و ئاژاوەچی، لە پێشکەوونخوازەوە بگرە تا کۆنەپەرست و بێ بیروباوەڕ، بەڵام لەسەر بەرنامەی حیزب کەئەودەم پێشکەوتووخوازو وەڵام دەرەوەی ئەوقۆناخەی خەبات بوو کرابوینەوە». ئەوەبوو دواتریش کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە

کۆبوونەوە حیزبییەکانی خۆیدا یەکێکی تر لە هەنگاوەکانی ئەوە دەبێت، کە بکەونە ئەوەی چۆن هەموو کادیروئەندامانی پەرتەوازەی خۆیان بۆجارێکی تر بهێننەوە نێو ریزەکانی حیزبەوە، بەتایبەتی کەسایەتییە رووناکبیرو دیارەکانی وەك : عەبدولرەحمانی زەبیحی و ئەحمەد تۆفیقی سکرتێری پێشووی حیزب، کە ماوەیەك بوو لە حیزبی دیموکرات دوورکەوتبووەوەو لەوەدەمانەدا وەك پەناهەندەیەك لەبەغدا دەژیا(حیسامی:١٩٩٦،ب٢،ل٢٢٥).

هەرچەندە کەسێکی وەك عەبدولرەحمانی زەبیحی جۆرێك لە دۆستایەتی و نزیکبوونەوەی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دروست کردەوەو تارادەیەك پەیوەندی لەگەڵیاندا روو لە باشیەیەکی هەست پێکراو بوو، بەڵام ئەحمەد تۆفیق لەوبارەیەوە کۆمەڵێك مەرجی تایبەت بەخۆی هەبوو، کە ئەوەش بەلێکدانەوەی بەرپرسانی حیزبی دیموکرات قابیلی جێبەجێکردن نەبوون، هەربۆیە کۆمیتەی ناوەندی حیزب بریاری کۆتاییان ئەوەدەبێت، کە لە ریزەکانی حیزب دووری بخەنەوە، دواتریش بریاری دەرکردنی یەکجاری لەرۆژنامەی (کوردستان) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبدا بڵاوبکەنەوە، کە بۆماوەیەك بوو لەبەغدا دووبارە بڵاودەکرایەوە، تەنانەت دەقی لەکارخستن و دەرکردنی لە حیزب وەك راگەیەنراوێك بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا هاتووە:« ئاگاداری: عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) لەبەرزۆر کردەوەی وا کە لەگەڵ ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان رێك ناکەوێ،لەحیزبی دیموکراتی(ئێران)دەرکرا».(کوردستان:١٩٧٢،ژ١٢).هەرچەندە ئەوماوەیەکی زۆریش بوو بەروونی گومانی ئەوەی لێ دەکرا کە لەگەڵ دەزگای هەواڵگری عێراق کاری کرد بێت(حەیدەری،دیدەنی،٢ی ئایاری٢٠٢١).تەنانەت لەم بارەیەشەوە بەڵگەنامەو دیکومینتەکانی دەزگای ساواکی ئێرانیش جەختیان لەم شێوازی پەیوەندییە کردۆتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ کەسانی وەك سەدام حسێن و مورتەزا حەدیسی دا ،کەچی دواتریش هەرخۆیان لە ناویان بردووەو کۆمەڵێك سەربووردەو چیرۆکی جۆراوجۆری لە بارەوە باس دەکرێت، کە تائێستاش بەتەواوی روون نین (نادری:١٣٩٤ ،ص١٨٤-١٩١).

لەلایەکی تریشەوەو لەوەدەمانەدا کەهەلومەرجێکی نوێ بۆکوردی رۆژهەڵات هاتبووەکایەوە بەتایبەتی لەسەروبەندی بەیاننامەی ئازاربەدواوە، ئەوە بووکاتێك کادیرێکی پێشکەوتووی وەك مەلاقادری ویردی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە ٢٣ی مارتی ١٩٧٣دا، کە بەمەستی راپەراندنی کاروباری حیزبی لەناوچەی بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت، دوای ئەوەی لەلایەن کوردێکی بەکرێگیراوی وەك سەلیم خات شەرافەتەوە لای بەرپرسان و فەرمانرەوایانی ئێرانی شوێنەکەی ئاشکرا دەکرێت(رەستگار:٢٠٢١،ب١،ل٣٦٢؛بیرینوێ:١٩٧٣،ژ٤٦).ئەویش بەناچاری و دوای بەرگری کردنێکی بێ وێنە بەدەستی هێزە ئەمنییەکانی ئێرانی و دەزگای ساواك دەکوژرێت، سەرەرای مەحکومکردنی ئەوکارە لەلایەن زۆرێك لەحیزب و رێکخراوە کوردیەکانی کوردستان و ناوەندە جیهانییەکانەوە، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەباشووری کوردستان لەرێگای رۆژنامەی (کوردستان)ی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و هەروەها رۆژنامەکانی تری کوردو عێراقییەوە، بەتایبەتی بەبۆنەی گیان لەدەستدانی ئەو کەسایەتیەوە لە ٢٦ی مارسی ١٩٧٣دا بەیاننامەیەك بڵاو دەکاتەوە، لەدرێژەی وردەکاریەکانیدا مەحکومی ئەوسیاسەت و هەڵوێستەی فەرمانرەوایانی ئێران دەکاتەوە، کەبەرانبەر بەکادیران ونیشتمان پەروەرانی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان گرتوویانەتەبەر .(هاوکاری:١٩٧٣،ژ١٦١).

بەماوەیەك دواترو لە٢ی ئایاری ١٩٧٣دا وەك بەر پرسیاریەتییەکی مێژوویی و هاوخەباتی لە بارەگای سەرەکی (یەکێتی نووسەرانی کورد)، لەبەغدا، رێورەسم و چلەیەکی ماتەمینی شایستەو بەرفراوانی بۆ رێك دەخرێت، بە جۆرێك رێورەسمی مەراسیمەکە بەپێی ریپۆرتاژێکی رۆژنامەوانی، کە (بیری نوێ)ی زمانحاڵی حیزبی شیوعی بڵاوی کردۆتەوە، دوای دەقیقەیەك وەستان بۆگیانی شەهیدانی کوردستان و پاشان بەوتنەوەی سروودی نیشتمانی (ئەی رەقیب) بەرێوەدەچێت، دواتریش وتاری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن عەبدوڵڵا حەسەن زادەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبەوە دەخوێندرێتەوە(هاوکاری:١٩٧٣،ژ١٦٦). پاشان وتاری هەریەك لەپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەلایەن ئیسماعیل مەلاعەزیز و حیزبی شیوعی عێراق لەلایەن محەمەد کەریم فەتحوڵلاوە پێشکەش دەکرێن، دوابەدوای ئەوانەش هەریەك لە شاعیرانی وەك عەبدولرەزاق بیمار وهێمنی موکریانی هۆنراوەیان بەوبۆنەیەوە خوێندۆتەوە،بەڵام دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ (١٩٣٤-٢٠١٩) وتاری یەکێتی نووسەرانی کوردو دواتریش ژنە چالاکوان کوردستان عەلی وتاری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و رەمزی قەزازیش (١٩١٧-١٩٧٣) وتاری کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی خوێندۆتەوە، جگە لەخوێندنەوەی بروسکەی بەرەی میللی ئێرانی لەرۆژهەڵاتی ناوەراست، هاوکات لە کۆتایی رێورەسمەکەدا هێمنی موکریانی وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات بەوتارێك سوپاسی هەموو ئامادەبوانی مەراسیمەکەو ئەولایەن و رێکخراوو حیزبە سیاسیانەی کردووە، کە هەریەکەو بەجۆرێك بەبۆنەی گیان لەدەستدانی مەلاقادری ویردی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبەوە بەشداری و هەست و سۆزی تەواوی خۆیان دەربریبوو،جگە لەوەش هێمنی موکریانی سوپاسی هاونیشتمانیانی شاری سلێمانیشی کردوە، کە چۆن لەرۆژانی پرسەکەیدا بەشداریان کردبوو(بیری نوێ:١٩٧٣،ژ٤٦). کەچی هەر کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراق سەرەرای بەشدار بونیان بەخوێندنەوەی وتارێك، لەکاتی خۆشیداو بەهۆی گیان لە دەستدانی مەلا قادری ویردییەوە لەرێگای سەرچاوەکانی راگەیاندنی خۆیانەوە، بەتایبەت رۆژنامەی (الفکرالجدید) بەیاننامەیەکی فەرمی توندیان لە٣١ی مارتی ١٩٧٣دا بەعەرەبی بڵاوکردۆتەوەو کردەوەکەیان بە« تاوانێکی خوێناوی نوێی فەرمانرەوایانی ئێرانی بەکرێگیراو» ناوبردوەو سەرکۆنەی سیاسەتی فەرمانرەوایانی ئێرانیان کردوە(الفکرالجدید:١٩٧٣،العدد٤٢).

لەهەمان کات و ماوەشدا ئەمیری قازی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات وەك خۆی ئەڵێت ئەوکاتەی کە نوێنەری حیزب

بووە لەدەرەوەی وڵات باس لەوەدەکا : لەهاوینی ساڵی ١٩٧٣دا لەبرادەرانی بەغدای حیزبەوە خەبەرهات، مەلاقادری ویردی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات، کەبەمەبەستی ڕاپەڕاندنی کاروباری حیزبی چووەتە ناوچەی بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەوتۆتە کەمینی دوژمنانەوەو کوژراوە. هەربۆیە ئەوانیش لای خۆیانەوەو لە ئەوروپا دەکەونە ئەوەی، کە چۆن وەك کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەوڵاتی سویدو وەك ناڕەزایی دەربڕین خۆپیشاندانێك بۆبەردەم باڵوێزخانەی ئێرانی ڕێك بخەن، بەڵام جەمال عەلەمداری نوێنەری پاتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە ئەوروپاو دەرەوەی وڵات دژی ئەم بۆ چوونەی ئەوان بۆتەوەو وای لێکدەداتەوە هەرهەڵوێستێکی دژ بەحکومەتی ئێرانی لەوکاتەدا دەکەوێتە:«چوارچێوەی دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی شۆڕشی باشوور». هەربۆیە بەشداریان لەگەڵ ناکەن و دواتر ئەمانیش لە ٥ی نیسانی ١٩٧٣دا بەهاوکاری کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستان و لەوانە عومەری شێخ مووس کوردی ڕۆژئاوای کوردستان و ڕێکخراوە ئێرانییە ئۆپۆزسیونەکان و هاوکات بە ئاگاداری لایەنە ئەمنییەکانی سوێد خۆپیشاندان وناڕەزایی توندی خۆیان دەگەیەننە بەردەم باڵوێزخانەی ئێران(قازی:٢٠١٤،ل١٧٧-١٧٨؛ئەحمەد:٢٠١٠،ل١٠٧). هەروەها بەماوەیەك دواتریش دووئەندام و کادری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بەناوەکانی : عەزیزی مستەفا زادە و محەمەد سدیق، کە ئەمانیش هەر لەسنووری شاری بانەو لەکاتی گیان لەدەستدانی مەلا قادری ویردییدا دەستگیر کرابوون، بە ماوەیەك دواتر هەردووکیان لە شاری سنە لەسێدارە دەدرێن، هەرچەندە بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێش لە سێدارەدانیان لەڕێگای مەلامستەفای بارزانییەوە هەوڵ دەدەن لەسێدارە نەدرێن کەچی ناگەنە ئامانج و فەرمانڕەوایانی ئێرانیش حوکمی خۆیان جێبەجێ دەکەن(زادە:دیدەنی،٥ی تەمووزی٢٠٢١).

جا بەم بۆنەیەشەوە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگای ڕۆژنامەی (کوردستان)ی ئۆرگانی حیزبەوە، هەواڵ وژیاننامەی هەردووکادیری ناوبراو (کوردستان:١٩٧٣، ژ٣٠). هەروەها لەڕۆژنامەی (بیری نوێ)ی زمانحاڵی حیزبی شیوعی عێراقەوە لەبەغدا ئەمیش بەهەمان شێوە هەواڵ و هیاننامەیەکی تایبەت بەخۆیان لەبارەی ئەو دووکادیرەی حیزبی دیموکراتەوە بڵاودەکەنەوەو ڕای گشتی جیهانی و کۆمەڵانی خەڵکی لێ ئاگادار دەکەنەوە(بیری نوێ:١٩٧٣،ژ٧٢). بەڵام کردەوەی کوشتن وگیان لەدەستدانی مەلاقادری ویردی لەلایەن زۆرێك لەڕێکخراوە کوردی و عێراقی و تەنانەت وڵاتانی دەرەوەو ڕۆژنامەکانی ئەوکاتەی بیانی وباشوری کوردستانەوە مەحکوم دەکرێت ووتاری جۆراوجۆری لەبارەوە دەنوسرێت لەوانە ڕۆژنامەکانی وەك: (باخترامروز) ئۆرگانی ڕێکخراوەکانی بەرەی ئێرانی، (بهمن)ئۆرگانی بەرەی ئازادی بەشی ئێرانی، لەگەڵ ڕۆژنامەکانی : بیری نوێ، هاوکاری، التاخی، لە شاری بەغداو روناهی، کە ئەمەی دواییان لەلایەن « کوردەکانی باکوری کوردستان کەبەشێوازێکی نهێنی بڵاویان کردۆتەوە». (گادانی:٢٠٠٨،ب١، ل١٩١-١٩٢). ئیدی پاش هەموو ئەوگۆڕانکارییانەو ئەوهەلومەرجەی کە لەبەیانی ئازار بەدواوە، لە عێراق وباشووری کوردستان هاتبوەکایەوە حیزبی دیموکرات بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی کاروباری حیزبی و سیاسی پێویستی بەوەبووە، کەناوبەناو پیاچوونەوەی زیاتر بەکاروباری ڕێکخستن و حیزبی خۆیدا بکات ،وەك لە پێشەکی کارنامەی کۆنگرەی سێیەمی حیزبی خۆیدا جەختی لە سەرکردۆتەوەو لەبڕگەیەکیاندا هاتووە : «کۆمیتەی ناوەندی پاش لێکدانەوەیەکی زۆر هاتبوە سەر ئەوباوەڕەی کە هەلومەرجی ئێستای حیزبەکەیان پێویستی بەوە هەیە کۆنگرەی سێیەمی خۆی بگیرێ هەلومەرجێکی نوێی خەبات پێکهاتووە، کە پێویستی بەتەرازبەندی تێکۆشانی رابردووی حیزب، روونکردنەوەی زۆربەسەرهاتی گرنگ وبەتایبەتی بەدیاری کردنی ڕێبازی سیاسی دوارۆژو ستراتیژی وتاکتیکی حیزبی هەیە، هەروەها پێویستە ئۆرگانی بەڕێوەبەری حیزب لەکۆنگرەی حیزبیدا، کە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە هەڵبژێردرێ»(گادانی:٢٠٠٨،ب١،ل١٩٣).

ئەوەبوو لەم کاتەدا، کە ڕێگا خۆشبوو بۆبەستنی کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکرات، کە لەسایەی فەرمانڕەوایانی حیزبی بەعس لە عێراق و لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٧٣دا بەئامادەبوونی (٤٩)کەس لە ئەندامانی حیزب لەنێوبارەگای سەرەکی حیزبی دیموکرات لە شاری بەغدا بەسترا، ئەو کۆنگرەیەش بەبەراورد لەگەڵ کۆنگرەی دووەمی سۆنێ و کۆنفرانسی سێیەمی حیزب لە شارۆچکەی کۆیە جیاوازی لەوەدابووە، کە لەناوەوەی ئێران و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها لە بەشێك لەوڵاتانی ئەوروپاوە چەند نوێنەرو ئەندامێکی حیزبی دیموکرات تیایدا بەشداریان کردوە (حیسامی:١٩٩٧،ب٢،ل٢٥٣). هەرچەندە سەبارەت بەم کۆنگرەیەش خدرمەرەسەنە وەك ئەندامێکی کۆنگرەو بەزمانێکی ڕەخنە ئامێزەوە لە بارەی ئەم کۆنگرەوە نووسیویەتی : « لە حاڵێکدا دەیان ئەندامی حیزب لەباشووری کوردستان لە ژێردەسەڵاتی پارتی و بارزانیدا ژیانیان تێپەڕ دەکردو چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە لەکۆنگرەیەکی حیزبیدا هەموولایەك یەك بگرنەوەودژی ڕژێمی شاو ساواك خەباتی خۆیان لەحیزبی دیموکراتدا درێژە پێبدەن، بەڵام ئەوبەشە لەئەندامانی حیزب بۆ کۆنگرە بانگ نەکرابوون، بەتایبەتی ئەوکادیرو پێشمەرگانەی بناری قەندیل کە بەشێك بوون لەحیزب و بەناوی کۆمیتەی کاتی حیزب کاریان دەکردپرسیان پێ نەکراو نوێنەریان بانگ نەکرابۆکۆنگرە ».(مەرەسەنە:٢٠٠٦،ب٣،ل٤٣).لەدرێژەی لێکدانەوەو بۆچوونەکانیدا سەبارەت بە کۆنگرەی سێیەم مەرەسەنە وەك ئەندامێکی بەشدار نووسیویەتی : «ئەو ٤٩ کەسەش کە بەشداریمان لەکۆنگرەدا کرد نوێنەری هەموو ئەندامانی حیزب نەبووین، تەنانەت هەمووشمان وەك یەك بیرمان لە چارەنووسی کورد نەدەکردەوەو هەرچەند کەسێك بۆ چوون و تێڕوانینی تایبەت بەخۆمان هەبوو سەبارەت بەئامانجەکانی حیزب و دیاری کردنی دۆست و پشتیوان بۆحیزب، بیری تودەیی ویستی کۆمەنیستی زاڵبوو بەسەر کۆنگرەدا، خەباتی ئەندامانی حیزب وەبەرچاو نەدەگیرا

بەتایبەتی خەبات و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق و هابیرانی دەخرایەوە ژێر پرسیارەوە وەك چۆن ئەحمەد تۆفیق لە کۆنگرەی دووەمدا ژیانی سیاسی قاسملووی خستە ژێر پرسیارەوەو بەبڕیاری کۆنگرە لەحیزبی دەرکرد» (مەرەسەنە:٢٠٠٦،ل٤٣). ئەمەش ئەوەمان بۆدەسەلمێنێت، کارنامەو لێپێچینەوەکانی ئەم کۆنگرەیەش جۆرێك بووە لەتۆڵەکردنەوەو بەرپەرچدانەوەی یەکدی.

شایانی باسە کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکرات، کە لە بەغدا بەستراوە،سەرەتا بە سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب: «سروودی میللی پەسەندکراوی کۆماری دیموکراتی کوردستان» کراوەتەوە (حیسامی:٢٠١٨،ب٢،ل٨٧٢). لەپێشدا هێمنی موکریانی وەك بەتەمەنترین ئەندام و بەشداربووی کۆنگرەی سێیەم کۆنگرەکەی کردۆتەوەو پیرۆزبایی گەرمی خۆی لە ئەندامانی بەشداربووی کۆنگرەی سێیەم کردووە، دوابەدوای ئەویش دکتۆرقاسملوو لەکاتی ڕێوڕەسمی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی سێیەمی شاری بەغدادا (٤٩) دانە لە کتێبی چاپکراوی خۆی (کوردستان و کورد لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی- ئابووری)، کە لەلایەن (بنکەی پێشەوا)ی سەر بەحیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، کە لەشاری بەغدا چاپکرابوو، بەسەرتەواوی ئەندامانی کۆنگرەدا دابەشکراوە (گادانی :٢٠٠٨،ب١،ل١٩٤؛حیسامی:٢٠١٨،ب٢،ل٨٧٢).جگەلەوەش هەرلەم کۆنگرەیەدا هەمان پەیڕەوی ناخۆو بنەماوپرەنسیپە سەرەکییەکانی حیزب،کە لەکۆنفراسی سێیەمی کۆیەدا پەسەند کرابوو، بەهەمان شێوە پەسەندکرایەوە، جگە لە هەوڵێکی سەر نەکەوتوانەی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسلوو، کە لەسەروبەندی کۆنگرەو گفتووگۆکانی نێوکۆنگرشدا زۆرجەختی لەسەرکردۆتەوە، ئەویش ئەوخاڵەی بووە، ئاخۆ کۆنگرە ناوی کۆنگرەی دووەمی لێبنرێت یان کۆنگرەی سێیەم، چونکە لە سەروبەندی کۆنگرەی دووەمی ساڵی ١٩٦٤دا : دکتۆر قاسملوو لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە بەکرێگیراوی دەزگای ساواکی ئێرانی و ڕژێمی پاشایەتی لەقەڵەم درابوو، سەرەڕای ئەوەش مافی ئەندامەتی حیزبی لێ وەرگیرابوویەوە (قازی:٢٠١٤،ل١٨٢).بەڵام لەم داواکاری و پێداگیرییەیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو تەنانەت زۆرێك لە ئەندامانی کۆنگرە لەگەڵ پێشنیارو داواکارییەکەیدا نەبوون، تەنها ئەوەنەبێت هەندێك بڕیاری کۆنگرەی دووەم، کە لەسەر«مەسائیلی سیاسی بوون» ڕەتکرانەوە حیزب و هەریەك لەکەریم حیسامی، محەمەد ئەمینی سیراجی، دکتۆر سوڵتانی وەنەمیشی و عەبدوڵلا حەسەن زادە وەك ئەندام(قاسملو وزادە:٢٠٠٢،ل٢٦٧).

بەڕادەیەك لەپاش گرێدانی کۆنگرەشەوە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات بڕیاریدا کۆبوونەوەی پێویستی خۆی بکات وتیایدا کۆمەڵێك ئەگەرو ڕاسپاردەی پێویست بخرێتە بەرچاو، بۆئەوەی لە داهاتوودا کاریان لەسەر بکرێت وبخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە بۆنموونە : لەحاڵەتی بەرپابوونەوەی شەڕ لە نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورددا سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات نێ، بەوشەرتەی وتارو نووسراوەو سیاسەتی سەربەخۆی خۆیانی تێدا بڵاوبکەنەوەو کەس کۆنترۆڵی نەکات». وەك ئەوەی دوای بەتایبەت ئەوڕەخنە ناڕەواو نادروستانەی، کە زۆر بەناهەق کرابوونە سەر کۆماری کوردستان (گادانی:٢٠٠٨،ب١،ل١٩٤؛حیسامی:٢٠١٨،ب٢،ل٨٧٣).جگە لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێشووی حیزب کە لەکۆنفرانسی سێیەمی حیزب هەڵبژێردرابوون لەگەڵ ئەوەشدا هەریەك لە: دکتۆر حەسەنی شەتەوی ومحەمەدی موهتەدی کە لەئەوروپاوە گەڕابوونەوە ئەوانیش بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردران(قازی:٢٠١٤،ل١٨٣-١٨٤). هەروەها هەریەك لەغەنی بلووریان و عەزیزی یوسفی،کە هێشتا لە زیندانەکانی فەرمانڕەوایانی ئێرانیدا بوون، ئەوانیش بەهەمان شێوە هەڵبژێردران هاوکات لەولاشەوە چوارکەسی تری وەك : کەریم حەداد،مەلاسمایل حاجی، حەمەڕەسوڵ حەسەن پوورو مەلاسەلامی نجنەیی وەك ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژێران(گادانی:٢٠٠٨،ب١،ل١٩٦).

جگە لەوانەش ئەوراسپاردەو خاڵانەشی کە زۆرپێویست بوون، سەبارەت بەعێراق و باشوری کوردستانەوە، جەختیان لەسەربکرێتەوەو بیان گەیەننە شوێنی مەبەستی خۆیان لەوانە : بیروڕای خۆیان سەبارەت بەچارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە کوردستانی عێراق، بەحکومەتی عێراق ڕابگەیەنرێ و هەوڵی ئەوەش بدرێت «دۆستایەتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی کۆمەنیستی عێراق» زیاتر پتەوتربکرێت، سەرەڕای هەوڵدان بۆناردنی چەند خوێندکارێکی کورد بۆدەرەوەی وڵات بەمەبەستی درێژەدان بەخوێندن وجەختکردنەوە لەسەرئەوەی هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی داهاتووی حیزب لە نێوخەڵکدا بن، لە عێراق بژین و کاری حیزبایەتی بکەن(حیسامی:٢٠١٨،ب٢،ل٧٨٤-٧٨٥). ئەمانەو کۆمەڵێك راسپاردەو پێشنیاری دی ، کە هەموو هەڵێنجراوی کۆنگرەی سێیەمی حیزب بوون، سەرەڕای دەستەیەکی نوێی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، کە لە(١٥) کەس پێکهاتبوون. دواتریش کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا پێنج ئەندام و کەسایەتی دیاری بۆ ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژارد کە پێکهاتبوون لە: دکتۆرعەبدولڕەحمان قاسملوو وەك سکرتێری

ئەبێت گۆڕەپانی خەباتی سیاسی خۆی بەتەواوی بباتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکێکی دی لە هەنگاوەکانیان وەك ئەوەی کەریم حیسامی باسی لێوە دەکات ئەوەبێت، کە هەوڵبدرێت لەڕێگای حیزبی بەعس و فەرمانڕەوایانی عێراقەوە سوود لەڕادیوی هێزە ئۆپۆزسیونەکانی ئێرانی وەربگیرێت، کە هەرلەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، کەبنکەو بارەگای تایبەت بەخۆیان لە بەغدا کردبوویەوە بەتایبەتی :« جەماعەتی ژەنەراڵ مەحموودی پەناهیان وموورادی ڕەزماوەر». بۆئەوەی ئەمانیش بتوانن «بەرنامەیەکی نیوسەعاتیان لەڕادیودا بدە هەوڵێکی زۆری حیزبی دیموکرات ، بەرپرسانی بەعس لەسەر داواکاریەکەیان ڕازی دەبێت بۆئەوەی ئەمانیش بتوانن وەك حیزب و

هێزێکی ئۆپۆزسیونی کوردی ئێرانی بەرنامەیەکی نیوسەعاتی خۆیان بڵاوبکەنەوە، هەرچەندە زۆرێك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دژی ئەم پلانەی حیزب بوونە بەوەی «حیزبی دیموکرات لە عێراق لەڕادیودا وتاربڵاوبکاتەوە»، ئیدی لێرەش بەدواوە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەتوانێت لەشاری بەغدای پایتەختی عێراقەوە ڕادیوو بەرنامەو دەنگی تایبەت بەخۆی هەبێت، تەنانەت هاووڵاتیانی کوردی ئێران و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش توانیویانە نامەو نووسراوی خۆیان بۆ ڕادیوکەیان بنێرن و ئەمانیش لەم سەرچاوەی ڕاگەیاندنەوە بڵاوی بکەنەوە، بەجۆرێك ئەمەش بەردەوام دەبێت تائەوکاتەی حکومەتی عێراق لەئەنجامی مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥، کە لەنێوان شای ئێران وسەدام حسێنی جێگری سەرۆك کۆماری ئەوکاتەی عێراقدا هاتۆتەدی پێیان دادەخات(حسامی:٢٠١٨،ب٢،ل٨٧٦-٨٧٧).

**تەوەری دووەم/ گەشەکردنی ڕووناکبیریی کوردیی**

**لەباشووری کوردستان و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٧٠-١٩٧٥**

دیارە هەموو ئەوڕاستیە دەزانین ، کە مۆرکردنی بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ تەنها هەنگاوێك نەبوو، بۆوەستانی ئاگری شەڕو دووبارە یەکگرتنەوەی هەردوو باڵە نەیارەکەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (جەلالی و مەلایی)، هەروەها بەشداربوونی کورد لە دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق، بەتایبەتی وەزراتەکانی سەربەحکومەت و لەگەڵ ئەوەشدا دەستەبەرکردنی کۆمەڵێك دەساوەردی جۆراوجۆر، کە بۆکوردو ئەوکاتەی گەلی کورد نەك تەنها لە باشووری کوردستان، بەڵکو کاریگەریی و ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو، لەسەرباری دەروونی هەموو تاکێکی کورد لەپارچەکانی تری کوردستانیش لە باکوورو ڕۆژئاواو هەروەها کوردانی ڕۆژهەڵاتیش، کە وەك توێژەرێکی مێژوویی دەمانەوێت لێرەداو بەشێوازێکی زانستیانەی بەرفراوان جەختی لەسەر بکەینەوەو بە دەیان نموونەی گونجاوەوە لەبارەیانەوە بنووسین و قامك بخەینەسەر خاڵی مەبەست. چونکە بەڕاستی ئەوهەلومەرجەی کە لەوقۆناغەداو لەوماوەیەدا هاتبووەکایەوە، هاوکات لەگەڵ خۆشیدا کۆمەڵێك دەرودەروازە و ڕێڕەوی گرنگی لەڕووی باری ڕووناکبیری کوردی بە هەموو بەشەکانییەوە کردەوە هەرلە زمان ، ئەدەب ، کلتوور، مێژوو، کاروباری ڕۆژنامەوانی، ناوەندەکانی خوێندن و هەروەها لەگەڵ خۆیشیدا کردنەوەی دەیان کەناڵ و ناوەندی ڕووناکبیری جۆراوجۆری لەم بەشەی کوردستانی داگیرکراودا هێنایەکایەوە، بەجۆرێك وەك پێشتریش ئاماژەی بۆکرا نەك تەنها کوردانی باشووری کوردستان و ڕووناکبیرانی باشوور لێی بەهرەمەندبوون، بەڵکو کوردانی پارچەکانی تری کوردستان و بگرە زۆرێك لەوانەشی، کە بەشێوازێکی پەرتەوازەیی و جیاجیا بەسەر وڵاتانی تری دونیاشدا دابەشبوون ، واتە ئەوانیش دەیانتوانی سوود لە پێشهات و دەرهاویشتە گرنگەکانی ئەم قۆناغەی خەباتی گەلی کورد وەربگرن. بەڵام بەزۆری و ئەوەی کە پەیوەست بێت بەبابەت و لێکۆڵینەوەکەی توێژەرەوە زیاتر لەسەر وەستان و جەختکردنەوەیە سەبارەت بەکاریگەریی بارودۆخی باشووری کوردستان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردەکانی ئەوبەشەی کوردستان، بەتایبەتی لەڕووی گەشەکردنی کلتووری و ڕووناکبیری کوردییەوە، هەرچەندە ئەمەش خۆی لە خۆیداو تاڕادەیەك ڕەگێکی مێژوویی قووڵتری هەیەو دەتوانین سەرەتاکانی بگەڕێنەوە بۆ ڕۆژگاری حکومداریەتی شێخ مەحموودی حەفیدو پاشان دەرچوون و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (گەلاوێژ)و (دەنگی گێتی تازەی) فەرمانڕەوایانی بەریتانیای داگیرکەر(عومەر:٢٠٠١،ل٧٦-٨٥). بەوەی زۆرێك لە ڕووناکبیرانی کوردی ئەوکاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەك ڕەسووڵی نادری، یەدوڵڵای ڕەزائی، محەمەد سدیقی موجتەهیدی، سەید تاهیری هاشمی توانیویانە بابەت و نووسین و بەرهەمی خۆیان لەو ڕێگایانەوە بڵاوبکەنەوە(ساڵح:٢٠١٦،ب١١).

هەرچەندە ئەم شەپۆلە ڕووناکبیریەی کورد لە کۆتایهێنانی جەنگی دووەمی جیهانی بەدواوە تاڕادەیەکی زۆر پێچەوانە بووەتەوە، بەتایبەتی لەسەروبەندی کۆماری کوردستاندا، بەوەی زۆرێك لە نووسەران و شاعیران و ڕووناکبیرانی باشووری کوردستان توانیویانە ڕاستەوخۆ خۆیان بگەیەننە ئەوبەشەئازادکراوەی کوردستان و تاڕادەیەکی باش لەجومگە جۆراوجۆرەکانی ئەوکۆمارەساوایەی کوردستاندا خزمەت بکەن ، هەر لەبواری پەروەردەو ڕۆژنامەوانی و تەنانەت بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری وبگرە دامودەزگای سوپایی وسەربازیشدا(باوەڕ:٢٠١٤). کەچی هەمان بارودۆخ لەداڕمانی کۆماری کوردستان بەدواوەو بەتایبەتی لەبەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بەدواوە لەعێراق و باشووری کوردستان، دیسانەوە هەلومەرج تاڕادەیەك دووبارە پێچەوانە دەبێتەوەو بەوهۆیانەشەوە زۆرێك لە کەسایەتی سیاسی و ڕووناکبیرانی ناسراوی وەك : ئەحمەد تۆفیق، عەبدولڕەحمان قاسملوو، جەمیل دومبکی مەهابادی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، کەریمی حیسامی، غەنی بلوریان، مەلامحەمەدی قزڵجی، حەسەنی قزڵجی، هەژاری موکریانی، محەمەدی شاپەسەندی، هێمنی موکریانی، مەلاحەسەنی ڕەستگار، کەئەمەش یەکەم خوێندکاری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە کە توانیویەتی قۆناغی زانکۆیی بەشی (زمانی کوردی) لە زانکۆی سلێمانی لەماوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووداو لەڕێگای حکومەتی عێراقەوە تەواوبکات(ڕەستگار:٢٠٢١،ب١،ل٣٥٩). هەروەها حەسەن زیرەك و زۆرێکی دی لە دەستە بژێرانی بواری سیاسی و ڕووناکبیریی کوردی ، کە بۆمایەك بەشێك لەوانە لە شاری سلێمانی و لەسەرچناری ئەمرۆ نیشتەجێکرابوون کە بە(کۆموونە) نێو دەبرا(نەبەز:٢٠١٧،ل٤٢٨-٤٢٩). جگەلەوانەش بۆماوەیەك و بەهۆکارێکی جیاوازتر لەوانی پێشووتر هونەرمەندی ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەزهەری خالیقی، کە لەسەر بڕیاری فەرمانڕەوایانی ئێرانی پەهلەوی بۆ ماوەی چەند ساڵێك هاتۆتە عێراق و لە شاری بەغدا ماوەتەوەو وانەی بەوهاوڵاتیە ئێرانیانە وتۆتەوە کە بەهۆکاری جیاواز هاتوونەتە عێراقەوە(خالقی:دیدەنی،١٨ی شوباتی٢٠٢١). سەرەڕای ژمارەیەك

لەڕێبەرانی حیزبی تودەی ئێرانی وەك نورەدینی کیانوری، ئیحسانی تەبەری و ڕزاڕدمەنشی زاوای کیانووری کە هەرلەوکاتەشەوە ئەوان دانیان بەبوونی کوردانەنانەوە، تەنانەت کەسێکی وەك بەشیر موشیر بەتوڕەییەوە لەبارەیانەوە وتوویەتی«نابێ جارێکی دی بێنە ئێرە»(نەبەز:٢٠١٧،ل٤٣٠). دواتریش دکتۆرمورادعەزیزی ڕەزماوەر، کە ئەمیش هەر کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ناوچەی کرماشانی بووەو لەسەرپێشنیارو ڕاسپاردەی دەزگای (K.G.B) و فەرمانڕەوایانی یەکێتی سۆڤێت و لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا خۆی گەیاندۆتە شاری بەغداو دواتریش لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا کاری کردوەو تەنانەت لەسەر ڕاسپاردەو پێداگیری تەواوی مەلامستەفای بارزانی لە کۆنگرەی پێنجەمی پارتیدا لە شاری بەغدا بووە بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشان مەکتەبی سیاسی پارتی(کەریمی:٢٠٠٥،ل٣١٤-٣١٥؛جاسوسی:شمارە٣١،ص٦٦؛کریم:١٩٩٨،ص٦٨). هەروەها دکتۆر موراد پێشتریش لەگەڵ دکتۆر قاسملوودا، کە ناوی خواستراوی (عەباسی ئەنوەری) بووە، جگە لەوەی « لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بووەبەمامۆستاودەرسی مێژووی کوردی وتۆتەوە» (ڕەسوڵ :١٣٨٨،تیشك،ژ٢٤،ل٦٥) .هەروەها دواتر خێزانەکەشی بەهۆی مەلامستەفای بارزانییەوە لە وەزارەتی ڕێگاوبان لای نووری شاوەیس دادەمەزرێت(حیسامی:٢٠١٨،ب١،ل٤٢١). بەجۆرێك ئەوانە هەردووکیان وەك ئەندامی میوانی یەکەمین کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لەساڵی (١٩٥٩)دا لەشەقڵاوە ئامادەییان هەبووە(خۆشناو:٢٠١٨،ل٥٠؛باوەڕ:٢٠١٩،ل٢١٤). جگە لەوانەش لەبەیانی یازدەی ئازار بەدواوە بەئەندامی فەخری یەکێتی نووسەرانی کورد دەستنیشانکراوەو هاوکات وەك ئەندامێکی کاراش لە کۆڕی زانیاری کورد وەرگیراوەو کاری کردووە(بۆتانی:١٩٧٤،ڕۆشنبیری نوێ،ژ٦). هەروەها ژمارەیەکیش لە ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئێرانی شاهنشاهییەوە لێپێچینەوەوکێشەیان بۆدروست دەکرا خۆیان گەیاندبووە ناوچەکانی باشووری کوردستان و شاری بەغداش بۆئەوەی لە لایەك لە کێشەوگیروگرفتی جۆراوجۆری سیستمی شاهنشاهی ڕزگاریان بێت، هەروەها زۆرێك لەوانە تاڕادەیەك دەیانتواتی چالاکی سیاسی و حیزبی و فەرهەنگی خۆیان لەم بەشەی کوردستاندا درێژە پێبدەن و نووسین و بەرهەمی خۆیان لەو گۆڤارورۆژنامانەشدا بڵاوبکەنەوە، کە لەوهەلومەرجە بەدواوە بڵاودەکرانەوە یان هەربەخۆیان بڵاوکراوەی تایبەت بەخۆیان هەبێت لەوانە کەسانی وەك : حەسەنی قزڵجی و محەمەدی شاپەسەندی، کە ئەمەی دواییان لە مێژەوەبووە، کە هاتۆتە باشوری کوردستان و شاری بەغداو ماوەیەکیش لەشاری دیوانیەی باشووری عێراق ژیاوەو لەگەڵ کچێکی کورددا هاوسەرگیری کردووە، دواتریش توانیویەتی پاش داخستنی ڕۆژنامەی (خەبات) لەشاری بەغدا، کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو،دووبارە بە شێوازێکی نهێنی و هەرلەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا چەند ژمارەیەکی تری بەڕۆنیو لەشاری سلێمانی بڵاوبکاتەوەو دواتریش بگوازرێتەوە بۆ ئەشکەوتی گردەڕەشی ناوچەی شارباژێڕو نزیك لە ناوچە سنووریەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە بۆماوەیەك درێژە بە بڵاوکردنەوەی بدرێت(شاپەسەندی:٢٠٠٧،ل٥٣-٥٩). بەڵام کەسێکی وەك ئەحمەد تۆفیق سەرەڕای کاروباری سیاسی و حیزباتی لە باشووری کوردستان و هێنانی ڕۆژنامەنووسانی بیانی لەوانە(دانا ئادەم شمیدت)ی پەیامنێری ڕۆژنامەی (نیویورك تایمس)ی ئەمەریکی لە بەیروتەوە، بەمەبەستی ناساندنی شۆڕش و دەنگی ڕەوای گەلی کورد بەدونیای دەرەوە، هاوکات لە سەرەتای شەستەکان و سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوولدا توانی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی و تەنانەت چەند ژمارەیەکیش لە ڕۆژنامەی (دیسان بارزانی) بەهاوکاری چەند هاوەڵێکی خۆی وبەشێوازێکی نهێنی سەرەتا لەشاری سلێمانی و دواتر لەناوچەی پشدەر لەساڵانی (١٩٦٠) و (١٩٦٢)دا بڵاوبکرێنەوە(تۆفیق:٢٠٠٧،ل٥٣-٥٤؛عونی:٢٠١٩،ل١٥-٢١).

سەرەڕای هەمووئەوانەش ڕووناکبیرێکی دیاری وەك عەبدوڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما)(شەریف:٢٠٠٧،ل٤٣). هەربەهاوکاری محەمەدی شاپەسەندی توانیویانە گۆڤارێك بەناوی (باهۆز) لەشاری بەغدا بڵاوبکەنەوە(شاپەسەندی:٢٠٠٧،ل٦٦).کەچی ئەم کاروجۆرە چالاکییانەی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لەشاری بەغداو چ لەباشووری کوردستان، بەتایبەتی لە سەروبەندی بەیانی یازدەی ئازاربەدواوە بە شێوازێکی زۆرسەرنجڕاکێشتر گەشەدەکات و لەناودامودەزگاکانی بەغدای کوردی و باشووری کوردستان، بەشێوازێکی بەرفراوان پەرەدەستێنێ وجێگای شیاوو تایبەتی خۆیان دەکەنەوە وەك ئەوەی کەریمی حیسامی لە چواچێوەی بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی : « لەکوردستانی عێراق لەژێرکارکردی بەیانی یازدەی ئازاردا، هەلومەرجێکی لەبار بۆگەشەکردن و پەرەگرتنی زمان و ئەدەبی کوردی ڕەخسابوو، نووسەرانی کورد دەرفەتیان وەدەستهێناو یەکێتی نووسەرانی کوردیان دامەزراند، من ومامۆستا هێمنی ڕەحمەتیش بەئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد وەرگیراین ،ڕۆژی ١٩٧١/٥/٢١ کارتی ئەندامەتیم بەژمارەی (٢٠١) وەرگرت»(حیسامی:٢٠١٨،ب٢،ل٧٥٣).

هەرچەندە لەڕاستیداو لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورددا هەریەك لە هێمنی موکریانی، کەریمی حیسامی، حەسەنی قزڵجی، عەبدولڕەحمانی قاسملوو لەگەڵ عەبدولمەجید لوتفی خانەقینی و دکتۆر شاکیر خەسباك دا بەئەندامی فەخری یەکێتی نووسەرانی کورد وەرگیراون(بۆتانی:١٩٧٤،ڕۆشنبیری،ژ٦؛لطفی:١٩٧٣،التاخی.ع١٢٥٤) . بەڵام ئەدیبێکی ناسراوی وەك هەژاری موکریانی لەبەرئەوەی شوناسنامەی عێراقی و وەك دەگوترێت پاسپۆرتی سووریشی بە ناوی عەبدولڕەحمان حەسەنەوە لەلایەن بنەماڵەی حاجۆ ئاغای هەڤێرکییەوە بۆ ڕێکخراوە(حەوێزوکەریم:٢٠٠٥،ل٤٩). ماوەیەکی زۆریش لەشاری بەغداو لەگەڕکی فەزڵ بەکاری وێنەگرییەوە

سەرگەرم بووەو خاوەنی وێنەگری (سەباح) بووە(نەبەز:٢٠١٧،ل٤٢٨). دواتریش لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کاری کردوە، هاوکات سەپێنراوی ئەوانیش بووە بۆئەوەی ببێتە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد(زادە:دیدەنی،٥ی تەموزی ٢٠٢١؛بێگەرد:دیدەنی،٢ی تەموزی ٢٠٢١). جگە لە ئەندامێتی لەیەکێتی نووسەرانی کورد، لەگەڵ ئەوەشداو پاش بەیانی ئازار سەرۆکایەتی یەکەمین خولی یەکێتی نووسەرانی کوردی لە باشووری کوردستان خراوەتە ئەستۆو بەشداری لە زۆربەی کاروچالاکییەکانیدا کردووە(حەیدەری:١٩٧١،هاوکاری،ژ٥).

هەرچەندە یەکێتی نووسەرانی کورد، بەماوەیەك پێشترو بە هەوڵی دەستەیەکی دامەزرێنەری کورد، کە پێکهاتبوون لە (١١) ئەدیب و رووناکبیری ناسراوی کورد بەسەرۆکایەتی جەمال بابان (١٩٢٧) لە شوباتی (١٩٧٠)دا دامەزراوەو تەنانەت وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕێگای بەکارو چالاکییەکانی داوە. هەروەها لە ٢٥ی شوباتی ١٩٧٠ دا دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد یەکەم کۆبوونەوەی خۆیان کردووەو بڕیاریان لەسەرچۆنێتی کارو وەرگرتنی ئەندامی نوێ داوەودواتریش بانگەوازێکیان لەڕێگای ڕۆژنامەی فەرمی (هاوکاری) ئەوکاتەوە بۆئەو مەبەستە بڵاوکردۆتەوە(هاوکاری:١٩٧٠،ژ٧؛هاوکاری:١٩٧٠،ژ١٠). بەڵام لە دەستەی بەڕێوەبردنی دووەمەوە کەلایەنگیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی بارزانی) وەك سەعیدناکام و هەژاری موکریانی لە بەیاننامەی یازدەی ئازار بەدواوە هاتوون ودەستیان بەسەردا گرتووەو یەکەم کۆنگرەیان لە هۆڵی (خولد) لە شاری بەغدا، لەڕۆژانی ٢٣-٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٠دابەستووە (ناکام:٢٠٠٣، ل١٥٢).هەژار موکریانیش وەك یەکەمین سەرۆك و دەستەکانی دواتریش ساڵح یوسفی وەك سەرۆك هەڵدەبژێردرێت، بەڵام هەژاری موکریانی تەنها وەك ئەندامێکی ئاسایی دەستە ئەمێنێتەوە (بۆتانی:١٩٧٤،ڕۆشنبیری،ژ٦،ل٤).

هەرچەندە دواترو بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنفراسی یەکەمی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد، کە لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧١دا، کە لە (هۆڵی شارەوانی) شاری هەولێر بەڕێوەچووە، هەژاری موکریانی وەك سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد توانیویەتی (٥٠٠) دیناری ئەوکاتە بۆپێداویستی و ڕایکردنی کاروباری کۆنفرانسی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد لەمەلامستەفای بارزانی وەربگرێت وهاوکات وتاری دەستەی بەڕێوەبەرێتی یەکێتی نووسەرانی کورد هەر لەلایەن ئەووەوە خوێندراوەتەوە (هەژار:١٣٩٢،ل٤٦٨؛ حەیدەری :١٩٧١، هاوکاری،ژ٥). هەروەها لەسەرەتای وتارەکەیدا ،کە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا دەقەکەی بڵاوکراوەتەوە لە بەشێکیدا وتوویەتی: « بەشانازی یەوە، بەناوی یەکێتی نووسەرانی کوردەوە، پیرۆزبایی لەخۆمان دەکەم کە ئەو هەلەمان بۆ ڕەخساوەو دەتوانین بەئاشکرایی بۆپەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتە دواکەوتوەکەمان جارێکی ترکۆببینەوەولقی یەکێتی نووسەران لە هەولێر بکەینەوەو بە ئومێدم لە زوویەکی زووشدا بەبێ هیچ بەرگری و کۆسپ و گرێ لقی ئەو کۆمەڵە بەهەردەرە لە کەرکووك و دهۆکیش دابمەزرێنین و لەهەموو لایەکی کوردستاندا زۆر بە دەخواردیوی دەست بەکاربین و کارێکی وابکەین کە تۆڵەی ڕۆژگاری بێ سەرەوبەری و بێ کەسی و بێ دەسیمان بکەینەوە»(هاوکاری:١٩٧١،ژ٥). وەك دەبینین هەژاری موکریانی لە درێژەی واتارەکەیدا بەزۆری جەختی کردۆتەوە لەسەرزمانی کوردی و بەناسنامەیەکی گرنگی مانەوەی هەموومیللەتانی زانیوە،بەوەی «هەرگەلێك زمانەکەی لەدەست بچێت دەتوێتەوەو لەبەین دەچێ»، تەنانەت لەم بارەیەشەوەو سەربارەت بە گەلێکی وەك کوردو لەبارەی مێژووی گەلی کوردەوە لە سەروبەندی بەڕێوەچوونی یەکەمین کۆنفراسی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورددا نووسیویەتی :« سێ چەرخ و شتێك ساڵ لەمەوبەر میرعەلی جان بۆڵاد حکومەتێکی کوردی لە کوردستان دامەزراندوەو سکەی بەناوی خۆی لێداوە، شاری حەلەب پایتەختی بووەو خەڵکی پایتەختەکەی هەموو کورد بوون،بەڵام کە زمانە کوردییەکەیان لە بیربراوەتەوە، ئێستا کێ دەتوانێت بڵێ خەڵکی حەلەب کوردن؟ تەنانەت نەوەی ئەو فەرمانڕەوا کوردە ئێستا بوونەتە جانبلاط عەرەبیشن و قەومیشن و ئیشتراکیشن..»(هاوکاری:١٩٧١،س٢،ژ٥).

سەبارەت بە کەسێکی وەك هەژاری موکریانی جگە لەبەڕێوەبردنی کاروباری یەکێتی نووسەرانی کوردو نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەت و لێکۆڵینەوەو کتێبی وەرگێڕاوی جۆراوجۆر لەوانە وەرگێڕان وچاپکردنی کتێبی ناوازەی(شەرەفنامە)ی مێژووی نووسی گەورەی کورد شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣-١٦٠٣)، هەروەها وەرگێڕانی کتێبی (هۆزی لەبیرکراوی گاوانی کورد) لە نووسینی مێژوونوس و زمانەوانی ناسراوی عێراقی مستەفا جەواد (١٩٠٤-١٩٦٩) ، جگەلەوەش پێشترو لەساڵی (١٩٦٠)دا هەردوو کتێبی (مەم وزین) و (ڕوباعیاتی خەیام)ی لەبەغدا بڵاوکردۆتەوەو دواتریش لە ساڵی (١٩٦٦) دا چاپی یەکەمی دیوانە شیعری (بۆکوردستان) هەر لە عێراق و لەسەر ئەرکی مەلامستەفای بارزانی بەچاپ گەیاندبوو(حەکیم زادە:١٣٩٩،ل٢١و٣٨٣). لەگەڵ ئەوەشدا هەژاری موکریانی یەکێك بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری (کۆڕی زانیاری کورد). کەبەپێی یاسای ژمارە (٨٣)ی ساڵی (١٩٧٠) لە شاری بەغدا دامەزرا(سەعید:٢٠٠٥،ل١٠-١١). هەرچەندە بڕیاردان لەسەردامەزراندنی دەزگایەکی ئەوتۆلەلایەن حکومەتی عێراقییەوە یەکێك بوو، لە بنەماکانی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لەسەردەمی حکومەتەکەی عەبدولڕەحمان بەزازدا، کە زۆربنەماو خاڵی گرنگتریشی سەبارەت بەمافەکانی گەلی کوردی لە عێراق لە خۆگرتبوو(یصان:١٩٧٣،ص١٥٨).

ئەوەی شایانی باسە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری (کۆڕی زانیاری کورد) لە (١٠) کەسایەتی شارەزای زانستی ناوچە جۆراوجۆرەکانی باشوری کوردستان و لە نێویشیادا هەریەك لە عەلائەدینی سوجادی بەڕەسەن کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری سنە لەگەڵ هەژاری موکریانی، کە دواتر هەردووکیان وەك (ئەندامی کارا)ی کۆڕی زانیاری کورد دەست نیشان

کران(هەژار:١٣٩٢،ل٤٦٨-٤٦٩). هەروەها لە ٣ی نیسانی ١٩٧٠دابەئامادەبوونی چەند ئەدیب و ڕووناکبیرێکی ناسراو کە لەیانەی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا و بەسەرۆکایەتی دکتۆرە پاکیزە ڕەفیق حیلمی(١٩٢٤-٢٠٠٣) کۆبوونەوە، لیژنەیەکی ﻬێنیان پێکەوەناوە بۆدانانی :«دەستووری ئەکادیمیای زانستی کوردی». جگە لەوەش زۆرێك لە ئەدیب و نووسەرو ڕووناکبیرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازێکی بەرفراوان کتێب و نووسین و بەرهەمی جۆراوجۆری خۆیان چ لەڕێگای (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)هوە یان بەشێوەی کتێبی سەربەخۆو وەرگێڕان و بەتایبەتی لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا بڵاوکردۆتەوە لەوانە : هێمنی موکریانی جگە لەوەی کە لە ساڵی (١٩٦٨) بە دواوەو بەناچاری و لەتاو ڕاوەدوونان و ڕەشبگیری سیستمی شاهنشاهی ئێرانی هاتۆتە باشووری کوردستانەوە، ماوەیەك بەکاری سیاسی و حیزبایەتییەوە سەرگەرم دەبێت و تەنانەت لە کۆنفراسی دووەمی ساڵی (١٩٦٩)دا دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دواتریش ئەندامی دەفتەری سیاسی و ساڵانێکی زۆر و تاکاتی بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی و کۆتایی حوکمی پەهلەوی لەعێراق و باشووری کوردستاندا دەمێنێتەوە (قاسملووزادە:٢٠٠٢،ل ٢٤٣؛ساعدی:٢٠١٩،ل٤٣٧). هاوکات لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبیەکاندان و لە کوردستان و شاری بەغداش بەشداردەبێت بەتایبەتی لەساڵی (١٩٧٠) بەدواوە، کە بەیاننامەی ئازاری بەسەردا دێت بۆماوەیەکی زۆر لەشاری بەغدا وەك ڕووناکبیرو وەك کادیرێکی باڵای حیزبی دیموکرات دەمێنێتەوەو بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ لە جیهانی ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیات و کۆڕو کۆبوونەوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، دەزگاری ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، یەکێتی نووسەرانی کورد و هەروەها کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردییەوە نزیك دەبێتەوە، تائەوکاتەی :« محەمەدئەمین حەسەن هێمن» وەك ئەوەی لە دەقی بڕیارەکەدا کۆڕی زانیاری کورددا هاتووە،بەپێی بڕیارێکی دەستەی کارگێڕی کۆڕ لەکۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەمەی ١٦ی ئایاری ١٩٧٣دا وەك : « شاعیرێکی کوردستانی ئێران» لەگەڵ دەستەیەك لە ئەکادیمست و ڕووناکبیرانی باشووری کوردستاندا دەکرێتە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد (التاخی:١٩٧٣.ع١٣٤٢). کە بەزۆری هەمووئەم دامودەزگایانەی ئەوکاتەی دونیانی ڕووناکبیری کوردی دەکەوتنە ناوچەی وەزیریەی شاری بەغداوەو هەرهەموو ئەوانەش زمانحاڵ و گۆڤاروبڵاوکراوەو ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆیان و چاپەمەنی تایبەت بەخۆیان هەبووە بۆ لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی جۆراوجۆر بەتایبەتی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی وەك : نووسەری کورد، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆژی کوردستان، برایەتی،هاوکاری و پاشکۆی عێراق،کە هێمنی موکریانی وەك هەر ئەدیب و ڕووناکبیرێکی تری کوردو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەم و نووسین و وەرگێڕانی خۆی بێ هیچ سانسۆرێك تیایاندا بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەك لە مانە خەڵکانی ڕێز لێگیراوی ئەوکاتەی نێو ئەدەبیات و رووناکبیری کوردی باشووری کوردستان بوون ، لەم بارەیەشەوە لەتیف هەڵمەتی شاعیر ئەڵێ: لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوداو لە ئێوارە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورددا لە شاری بەغدا هەریەك لەکەریمی حیسامی و هێمنی موکریانی و چەند کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، کە ئەوکات لە بەغدا بوون درەنگ گەیشتنە ئێوارەکۆڕەکە داوایان کرد دووبارەبکرێتەوە، ئەوەیان بۆکراو دواتریش هەریەکەو بۆ چوون و قسەی خۆشیان لەکۆڕەکەداکرد(هەڵمەت:دیدەنی،(٣٠ ی حوزەیرانی ٢٠٢١). هەروەها هێمنی موکریانی جگە لەوکارو چالاکییانەی، کە وەك هەرئەدیب و نووسەرێکی تری کورد هەلی ئەوەی بۆ ڕەخسا بۆئەوەی بتوانێت بەرهەمەکانی خۆی وەك کتێبی سەربەخۆش لە ناوەندە کوردییەکانی ئەوکاتەی شاری بەغداوە بڵاوبکاتەوە لەوانە کۆمەڵە شیعری (تاریك وروون)، کە عەبدولڕەحمان قاسملوو پێشەکی بۆنووسیوەوبە(شاعیری گەل)ناوی بردوە(هێمن:٢٠٠٣،ل١-١٢). لەگەڵ چاپکردنی کتێبی (توحفەی موزەفەریە)ی ئۆسکارمانی لە دووبەرگدا لە ساڵی (١٩٧٥)، کە یەکەمیانی لەڕێگای بنکەی پێشەوای سەربە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و دووەمیانی : لەسەرئەرك و لە ڕێگای کۆڕی زانیاری کوردەوە بڵاوکردۆتەوەو پێشەکییەکی بە کوردیەکی ڕەوان بۆنووسیوە. دواتریش کۆمەڵە شیعری (ناڵەی جودایی) و بە پێشەکیەکی محەمەدی مەلا کەریمەوە چاپکراوە لەگەڵ دوو کۆمەڵە پەخشان بەناوەکانی : (هەواری خاڵی)و (دڵی شاعیر)، کە پێشتر زۆریانی لە ڕێگای گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکانی ئەودەمانەوە بڵاوکربووەوە، جگە لەوانەش هێمن پێشەکی بۆچەند کتێبێکی ئەوکاتەی کوردیش نووسیوە لەوانە : شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی کە هەژاری موکریانی کردوویەتی بە کوردی، کۆمەڵە چیرۆکی پێکەنینی گەدای حەسەن قزڵجی، قەڵای دمدمی عەرەبی شەمۆ ،کە شکورمستەفا وەرگێڕاوە بۆسەرزمانی کوردی، لەلایەکی تریشەوە بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەب بووە لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە هەر لەودەمانەدا ئەویش لەبەغداوە بڵاودەکرایەوە سەرەڕای بڵاوکردنەوەی نووسینی جۆراوجۆری دی لە گۆڤاری ناوخۆیی (تێکۆشەر)ی زمانحاڵی حیزبی دیموکرات کە ئەمیش هەرلەبەغدا بڵاوکراوەتەوە(دەشتی:٢٠٠١،ل٣٥). هەروەها عەبدوڵڵای حەسەن زادە باس لەوەش دەکات کە هێمنی موکریانی ناوبەناو لەگۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە)شدا بەناوی خواستراوەوە نووسینی بڵاودەکردەوە یەکێك لەوانەش نووسینێکی بووە بەناونیشانی (پاك لە پاك) (زادە:دیدەنی،٢٥ی تەموزی ٢٠٢١).وێڕای هەموو ئەوبەرهەمە وەرگێڕدراو شیعرانەی کە لە ڕێگای گۆڤاروڕۆژنامە کوردیەکانی وەك: بەیان،ڕۆشنبیری نوێ، نووسەری کوردوبیری نوێ و شوێنانی ترەوە بڵاوی کردونەتەوەو بەشداری لەدەیان کۆڕوکۆبوونەوەی ئەدەبی و شیعریشدا کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەنێوەندی رووناکبیری باشووری کوردستاندا کەسایەتیەکی ڕێز لێگیراوبووەو بەوتارو بەشیعر بەشداری کۆڕەکانی کردوە، بۆنموونە لەوتارێکیدا کە لەیادی سێ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورددا خوێندویەتیەوە، ستایشێکی زۆری ئەوبارودۆخەدەکات کە

لەوماوەیەدا بۆگەلی کوردو نووسەری کورد ڕەخساوە لەعێراق و باشووری کوردستاندا وەك لەسەرەتای وتارەکەیدا نووسیویەتی : « خوشك وبرا خۆشەویستەکان!، شاعیرو نووسەرە بەڕێزەکان! لە پێشدا وەك برایەکی دڵسۆز وەك شاعیرێکی ئاوارەو دەربەدەر، وەك کوردێکی ئێران و ئەندامێکی فەخری نووسەرانی کوردی عێراق، بەدڵەوە پیرۆزبایتان لێ دەکەم. پیرۆزبایی سێ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی، پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە گرنگە، هیوادارم بەسایەی خەباتی بێ وچان و نەپساوەوەو خوێناوی نەتەوەکەماندا هەم ئێوەبتوانن بەسەرکەندو کۆسپدا زاڵبن، وەخزمەتی گەورە بەئەدەبی کوردی بکەن، وەهەم ئێمە بتوانین وەك ئێوە یەکێتی نووسەرانی کورد لە کوردستانی ڕزگارکراوی ئێراندا دابمەزرێنین. ڕەنگە ئێوە وەك من کە بەدرێژایی تەمەنم تەنیا نزیکەی یازدە مانگ تامی سەربەستیم لەوڵاتی خۆم چێشتووە قەدری ئەو سەرکەوتنە گەورە کە دیارە بەخەباتێکی ئازایانە و دوورو درێژ وەگیرکەوتووە نەزانن بەڵام من دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کوردی عێراق بە دەستکەوتێکی مێژوویی و بەسەرکەوتنێکی مەزن دەزانم»(هێمن:١٩٧٣،هاوکاری،ژ٣٤). دواترهێمنی موکریانی لەبەشێکی تری وتارەکەیدا، کە بایەخێکی مێژوویی گرنگی هەیەو بەسەلیقەیەکی ئەدەبی وردەوە نووسیویەتی: « زۆرکەس ڕەخنە دەگرن کە یەکێتی نەیتوانیوە وەك پێویستە ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ وە هەقیشیانە چونکە هەلەو هەڵکەوتووە وە دەبێ زۆر زیاترو پتروشێلگیرتر کەڵکی لێ وەربگیردرێ ئودەبای کوردی عێراق لەم دەرفەتەدا هەرچی پترکاربکەن ، شەکەت بن،زەحمەت بکێشن، خۆماندوبکەن، وەهەوڵ بدەن هێشتا کەمە وە خەڵکیش هەرچی زیاتر یارمەتیان بداو ڕەخنەشیان لێ بگرێ هێشتا هەر کەمە ڕەخنەلێ گرتن دەبێتە هۆی جوڵانەوەو چوونە پێش وەیارمەتی دان دەبێتە هۆی هاندان و ئاسانکردنی کار، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە ڕەخنەی خەڵك بە جێ یەو کاری زۆرگەورەی کردوون کە دەبێ شانازی یان پێوەبکرێ» (هێمن:١٩٧٣،هاواری،ژ٣٤).

لەلایەکی تریشەوە هێمنی موکریانی ستایشێکی زۆری ئەوکۆڕو کۆبوونەوانەی کردوە کە لەودەمانەدا بۆکوردانی باشووری کوردستان هەڵکەوتوە، بەوەی کە دەتوانن بەئازادی و بە ئەوپەڕی سەربەستیەوە تەعبیر لەڕاوبۆچوونی خۆیان بکەن و ئەوانەی کە دەیانەوێت بەتەواوی دەتوانن بیخەنەڕوو، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ کوردی ئێران و بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆرجیاوازە، لەکاتێکدا لەوێ ولەلایەن ڕژێمی شاهنشاهیەوە خەریکی توانەوەی زمان و ئەدەبەکەین وەك نووسیویەتی : « دوور نارۆم کۆڕی دوێنێ بۆمن زۆر جالب بوو. کارم بەوە نەداوە چ گوتراو چ نەگوترا . ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشاو کەیفم پێ هات ئەو دیموکراتی و ئازادی یە بوو، کە بەشدارانی کۆڕەکە بەتەواوی کەڵکیان لێ وەرگرت ئەم ئازادی بەیانە دەرفەت بەگوێ گری ورد دەدا کە ڕاست و چەوت لێك هەڵاوێرێ»(هێمن:١٩٧٣،هاوکاری،ژ٣٤). بۆئەوەش وەك نموونە بەیتێکی شاعیری گەورەی فارس سەعدی شیرازی هێناوەتەوە : سەعدی شاعیرو فەیلەسوفی فارس گوتویەتی : «تامرد سخن نگفتە باشد عیب وهنرش نهفتە باشد واتە تاپیاو قسەی نەکردبێ، عەیب و هونەری ونە». بۆئەم مەبەستەش هێمنی موکریانی بارودۆخی وڵاتی ئێرانی خۆی کردۆتە نموونەو بەراوردی ئەو جۆرە ئازادیەی کردوە، کە لەو قۆناغەدا هاتۆتە کایەوەو سەرنجی ئەوی ڕاکێشاوە کە لەبارەیەوە ئەڵێ: « گوتم سەرنجی راکێشام چونکە من لە وڵاتێکدا ژیاوم و گەیشتومەتە ئەم تەمەنە کە بۆجارێکیش لە جاران لەکۆڕێکی وادا بەشدارنەبووم، کوردی ئێران پاش روخانی کۆمارە دیموکراتیك و ساواکەی ئیتر ئازادی نیسیبیشی بە خۆیەوە نەدیتەوە ئەوگەلە زۆر لێ کراوە نەك هەر ناتوانێ بەزمانی زگماکی خۆی بخوێنێ، نەك هەر ناتوانێ گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی بڵاوبکاتەوە، نەك هەرناتوانێ پەرە بەزمان و ئەدەبی خۆی بداو فۆلکلۆری نەتەوایەتی بپارێزێ ، نەك هەرناتوانێ هیچ یەکێتی و ڕێکخراوێکی کوردی دابمەزرێنێ، بەڵکو نەخشەی تواندنەوەی کە لەسەردەمی دیکتاتۆری ڕەزاخان دا کێشراوە تائێستاش هەروا لە گۆڕێ دایە. تەنانەت ئەوئازادیەی ئێستا بۆنووسەرانی کوردی عێراق پێ هاتووەو دوێنێ من دیتم بۆ نووسەرانی گەلی فارس، گەلی گەورەو دەسەڵاتداری ئێرانیش پێك نەهاتووە، راستە ئەدەبی فارس رۆژ بەرۆژ پەرە دەسێنێ، راستە بەشێکی زۆر لە کتێبەکانی خارجی بە فارسی تەرجمە دەکرێن، راستە شاعیرو نووسەری گەورەیان هەن، راستە سەدان گۆڤارو رۆژنامەی رەنگاو رەنگ چاپ و بڵاودەبنەوە، بەڵام شاعیرو نووسەرەکانی ئێستای فارس ناوێرن بیروڕای خۆیان ئازادانە دەرببڕن»(هێمن:١٩٧٣،هاوکاری،ژ٣٤).. تەنانەت زۆر جەخت لەو ئازادییەی ئەوکاتەدەکاتەوە و لەگەڵ بارودۆخی ئەوکاتەی کوردی پاش بەیانی یازدەی ئازاری باشووری کوردستاندا بەراوردیان دەکات : « ئەوقسانەی دوێنێ لێرەدەکران هەر نووسەرێکی ئێرانی لە هەر کۆڕێکی ئەدەبی دا بیان کات زمانی لە پشتە سەری ڕا دێننەدەر کێ دەوێری ناوی مارکس و لینین لە کولەکەی تەڕپشدا بینێ کە دوێنێ تیئوریەکانیان لێرەدا شی دەکرانەوە، ئەوکتێبە عیلمی و فەلسەفیانەی بەزمانی بێگانەو عەرەبی جارجارە کوردیش لەسەر شەقامەکانی ئێرە هەڵڕێژراون لەوێ پێیان دەگوترێ « کتب واوراق مضرە»،لەماڵی هەرکەسدا بدۆزرێتەوە باسی سەروماڵیەتی».بەجۆرێك ئەوسیاسەتەی، کە فەرمانڕەویانی ئێرانی پەهلەوی بەرانبەر بە ئازادی نووسین و فیکر گرتبوویانەبەر بووبووە مایەی ئەوەی، کە زۆرێك لە نووسەران و هونەرمەندانی ئێرانی وڵات بەجێ بێڵن یان پەناببنەبەر خۆکوشتن و حەشیشەکێشان و زۆرجاریش خراونەتە کونجی زیندانەکانەوە وەك لەم بارەیەشەوە هێمن جەخت دەکاتەوە :» هونەرمەندو شاعیرو نووسەرەکانی ئەوڕۆی ئێران لە داخان زیاتر پەنا دەبەنەبەر حەشیش و تریاك و هیرۆئین، کە دەربارو ئیمپریالیزم لەناویاندا بڵاوی دەکەنەوە، یان وەك صادق هیدایەت نووسەری هەرە گەورەو بە ناوبانگی فارس خۆیان دەکوژن ، یائەگەر نەبەزبن وەك سەمەدی بیهرەنگی کەلاکیان بەئاودا دەدەن یاوەك مەلائاوارەی خۆمان تیرە بارانی دەکەن»

جابۆیە ڕووی دەم دەکاتە شاعیرو نووسەرانی کورد کە لەو هەلومەرجەی باشووری کوردستانی سەروبەندی بەیانی ئازاربەدواوەو پێیان دەڵێت :« برانووسەرو شاعیرەکانم مێژووی کورد مەسئولیەتێکی گەورەی خستۆتە سەرشانی ئێوە، چارەنووسی زمان و ئەدەبی کوردی ئەوڕۆ دراوەتە دەست شاعیرانی کوردی عێراق کە دەتوانن بەئازادی قەڵەم باژوین، بۆیە هەموو کوردێکی دڵسۆز لە دەرەوەی عێراقیش چاوی بڕیوەتە دەست و قەڵەمی ئێوە. دەیانەوێ بناغەی ئەدەبێکی پێشکەوتویان بۆ دابڕێژن، دەیانەوێ جیاوازی بیروراوخلافی دەرەجە دوو وەلانەین،دەیانەوێ بۆیان بنووسن، زۆریان بۆ بنوسن و چاکیان بۆبنوسن، دەیانەوێ زمانەکەیان بۆبژارکەن، دەیانەوێ زمانێکی یەکگرتوو پەرە پێ بدەن، تالەپاشەڕۆژدا وەك نەتەوەیەکی بەختەوەر بنوسن»(هێمن:١٩٧٣،هاوکاری،ژ٣٤). هەروەها هەریەك لە هێمن و هەژاری موکریانی لەوشاعیرانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن کە لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٧١دا و لە دووەمین ڕۆژی کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا کە ئەوەیش هەرلەکۆیە بەڕێوەدەچێت لەکاتی ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر پەیکەری حاجی قادری کۆیی(١٨١٦-١٨٩٧) لەوشارەو لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی سیاسی و ڕووناکبیرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئامادەبووی کۆنفراسی وەك : دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو، ئەمیری قازی، محەمەد ئەمینی سیراجی، کەریم حەداد، مەلا حەسەنی ڕەستگار، سەید ڕەسوڵی بابی گەورە، مەلاڕەسوڵی پێشنمازو عەبدوڵڵای حەسەن زادە بەشدار دەبن وهەریەك لەهێمن و هەژاریش، کە پێشتر لەلایەن لیژنەی ئامادەکارەوە دەعوەت کرابوون هەریەك بەپارچە شیعرێك بەشدار دەبن و دواتریش دەگەڕێنەوە بۆتەواوکردنی کۆنفرانسەکەی خۆیان (ڕەستگار:٢٠٢١ ،ب ١، ل٣٥٣؛ڕەستگار: دیدەنی،٣٠ی ئابی٢٠٢١)..

شانبەشانی هێمنی موکریانی وەك کەسێکی سیاسی و شاعیرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوی تودەییەکی دێرین و ڕووناکبیرێکی وەك کەریمی حیسامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و خاوەنی کتێبی (کاروانێك لە شەهیدەکانی کوردستانی ئێران) لەگەڵ وەرگێڕدراوی ڕۆمانی ناوازەی (دایك)ی مەکسیم گۆرگی دێت، هەروەها زۆرجاریش بەناوی خواستراوی (شنۆیی) نووسین و بەرهەمی وەرگێڕدراوی خۆی لە گۆڤاررو ڕۆژنامە کوردییەکانی وەك : بەیان، ڕۆشنبیری نوێ ،نووسەری کورد، دەفتەری کوردەواری (حیسامی :١٩٧٠و١٩٧١،دەفتەری کوردەواری،ب٣وب٤،ل٧٨-٨٨). بیری نوێ و هاوکاری بڵاوکردۆتەوە(شنۆیی:١٩٧٦،بەیان،ژ٣٥). هاوکات گەلێك جاریش بەناوی تەواوی خۆیەوەو بەتایبەتی لەساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤)دا نووسیویەتی وبەسەریەکەوە تەنها لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا (١٠) بابەتی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە(نەریمان:١٩٨٥،ل٢٢٧). جگە لەونووسین و بابەتانەی تری وەك ئاماژەی بۆکرا، کە بەناوی خوستراوی (شنۆیی) بڵاوی کردونەتەوە لەوانە:«وەزعی فێرکردن و پەروەردەکردن لە ئێران». وەك لە سەرەتای بابەتەکەیدا نووسیویەتی : « ئێرانی ئەمڕۆ نەك هەر لەباری ئابوورییەوە بەسەرمایەکانی ئیمپریالیستیەوە بەستراواتەوەو لەبارەی سیاسیشەوە بۆتە کلکەی سیاسەتی ئیمپریالیزم و ژاندارمی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لەباری خوێندەواری و فێرکردنیشەوە لە دواکەتویی و فەرق وچینایەتی دایە» (شنۆیی:١٩٧٢،هاوکاری،ژ١٢٨). لەگەڵ بابەتێك بەناونیشانی «لێکۆڵینەوەیەك لەسەر بلوجەکان» (هاوکاری:١٩٧١،ژ٤٦). هەروەها لەهەمان ژمارەی (هاوکاری)دا، کە سەبارەت بەوەزعی پەروەردەو فێرکرنی نووسیویەتی، بەناوی تەواوی خۆیەوە »لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی لەسەر ئینسایکلوپیدیای کوردی» ، کە لەنووسینی عەبدولقادر بەرزنجی بووە نووسیوەو خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنێکی وردی بۆکردوە(حیسامی:١٩٧٢،هاوکاری،ژ١٢٨). بەڵام لەگۆڤاری (بەیان)دا بەهەمان شێوە چەند نووسین و بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە لەوانە : چیرۆکی وەرگێڕدراولەزمانی فارسیەوە بۆ نموونە(سەمای مەرگ) لە نووسینی بزورگی عەلەوی(بەیان:١٩٧٦،ژ٣٥،ل٢٢). هەروەها لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا بابەتەکانی وەك: بێچارە (حافظ) وگوڵەباخی ژاکاو(ڕۆشنبیری:١٩٧٩،ل٦٥). لەگەڵ نووسینێکی تری بەناونیشانی: چەند پارچەیەك لەیاداشتەکانی برینداری خوارووی لوبنان (ڕشنبیری:١٩٧٩،ژ٧٣). بەڵام ڕووناکبیرێکی ناسراوی وەك عەلی گەلاوێژ (١٩٢٢-١٩٧٩)وەك ئەندامێکی ناسراوی نێو حیزبی تودەی ئێران و وەك نووسەرو ڕۆژنامەوانێك لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمی رابردوودا بەوردی چاوی لە هەموو ئەو پێشهاتانەبووە، کە لە باشووری کوردستاندا هاتوونەتە دی ، هەربۆیە لای خۆیەوە کەوتۆتە ئەوەی کەچۆن شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بەدونیای دەرەوە بناسێنی و وەریان بگێڕێتە سەرزمانی فارسی وەك ئەوەی لە ژمارە(٤٧-٤٨) ی ساڵی (١٩٧٧)ی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)دا، کە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد لە بەغدا بڵاوی کردۆتەوە، چەند کورتە شیعرێکی لەتیف هەڵمەتی شاعیری وەرگێڕاوەتە سەرزمانی فارسی و لەگەڵ کورتەیەك لە بۆچوون ولێدوانی خۆیدا سەبارەت بەئەدەبیات و قۆناغەکانی شیعرو شاعیرانی کوردی لە ژمارە (١٠)ی گۆڤاری (دنیا)ی زمانحاڵی حیزبی تودەی ئێراندا بڵاوی کردۆتەوە (گلاویژ:١٣٥٦،دنیا،ژ١٠،ل٣٦-٣٧).جگە شاعیروڕووناکبیری ناسراوی کورد سوارەی ئێلیخانی زادە (١٩٣٧-١٩٧٦) کە لەبەرنامەی (تاپۆوبوومەلێڵ)دا کە هەر لەحەفتاکانی سەدەی رابردووەوە لە ڕێگای (رادیوی کوردی تاران)هوە بڵاوی کردۆتەوەو لەساڵانی دواتریشداو پاش مەرگی خۆی وەك کتێب بڵاوکراوەتەوە، لەبەشێکیاندا کەوتۆتە ستایشێکی گەورەی بەرنامە مێژوویەکانی مێژووناسی کورد مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی ، کەئەمیش هەرلەوقۆناغەیدا لەڕێگای رادیوی کوردی تارانەوە بڵاوی کردوونەتەوە بۆ نموونە لەیەکێك لەبەرنامەکانیدا بەناونیشانی :( سەرەتایەك لەسەروێژەی کوردی) کەچەندین زنجیرەی تەرخانکردوە ، سەبارەت بە عەبدوڵلا گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢) و عەلائەدینی سەججادی و شیرکۆبێکەس (١٩٤٠-٢٠١٣) ، هاوکات لەبارەی مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانییەوە نووسیویەتی: « بۆ باسی

مێژوویی من خۆم گوێ ئەگرم بۆ بەرنامە هێژاکانی مامۆستای بەرزی کورد مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و لەڕاستی لانادەم کە زۆر کەڵکیان لێ وەرئەگرم مامۆستای دڵسۆز لە مێژووی ئێرانا دەستی داوەتە لێکۆڵینەوەیەکی بەنرخ کە لەپێشا نە مێژوونووسێکی ئێرانی و نەمێژوونووسە بێگانەکان و نە تەنانەت مێژوونووسێکی کورد بەم چەشنە زانستیە نووسراوێکیان نییە»(سوارە:١٣٧٩،ل٢٢٧-٢٢٨). هەروەها لە بەشێکی تری نووسینەکەیدا ئێلیخانی زادەسەبارەت بەڕۆژبەیانی نووسیویەتی: « مامۆستا لە ناومێژووی ئێرانا گەڕاوەو هەموو ئەوڕووداوانە کە بەچەشنێ پەیوەندی لەگەڵ کوردا هەبووبێ، کۆی کردۆتەوەو خستویەتیە سەریەك ئەم کارەی مامۆستا هەم خزمەتێکی گەورەیە بەمێژووی ئێران و هەم تێکۆشانێکی هێژایە لە پێناوی کوردا، مامۆستا بە ڕێکخستن و کۆکردنەوەوبردنەوە سەریەکی ئەوبنەماڵە کوردانە کە چەند لاپەڕەی پڕ خەبات و کۆڵنەدانیان لە مێژووی ئێرانا پڕکردۆتەوە، بۆهەمووماني دەرخستووە کە هۆزی کورد تاچ رادەیەك تەئسیری لە مێژووی ئێرانا هەبووەو چۆن بۆپاراستنی ئاوو خاکەکەی بەرامبەر بەزۆردارو داگیرکەر وەستاوە». وەك ئەوەی ئێلیخانی زادە کۆمەڵێك نموونەی هێناوەتەوە، کە مەلا جەمیل پەی پێ بردوون و لەبارەیانەوە نووسیویەتی : «بنەماڵەی حەسنەویەو شوانکارەو عەیاریە راپەڕین و خزمەت و کۆششیان لەمێژووی ئێرانا دیاروبەرچاوە، بەڵام کەم کەس هەبوو بزانێ ئەمانە کورد بوون و ئێستاش کەم کەس هەیە تەواو شارەزای خەبات و شۆڕشیان بێ؛ چونکە مێژوو نووسەکان کە بناغەی کاریان لەسەر لێکۆڵینەوەی گشتی مێژووی ئێران داناوە بەشێکی زۆر کورتیان بۆئەم بنەماڵانە داناوە»(سوارە:١٣٧٩،ل٢٢٨). هەروەها ئەم کاروپشوودرێژیی و توانایيەی مەلامەجەمیل ڕۆژبەیانی ئێلیخانی وای لێك داوەتەوە هەمووی گەڕاوەتەوە بۆلایەنی زمانزانی و شارەزایی و شەن وکەوکردنی هەموو ئەوسەرچاوانەی کە دەستی کەوتوون و بەوردی کاری زانستی لەسەرکردوون هەربۆیە لەبارەیەوە دەنووسێت ئەم کارانەی مەلاجەمیل لە مێژووی کورددا حەق وایە ناوبنرێت: « هەنگاووی بەرزی سەرکەوتوو و کاری هێژای کەس نەکردوو»(سوارە:١٣٧٩،ل٢٢٩).

سەبارەت بە ژیان وسەربووردەی عەبدولڕەحمانی زەبیحی کەساڵانێکی زۆرو هەرلەسەردەمی لاوییەوە لەنێو(ژ.ك) ودواتریش لە نێوحیزبی دیموکراتدا کاری کردووە(شمدین:٢٠١٩،ص١٧). هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری (نیشتمان)ی زمانحاڵی (ژ.ك)بووە، کە بەهاوکاری چەند هاوەڵێکی تری :«لە چاپکردنی ئەم گۆڤارەدا زەحمەتی زۆری کێشاوەو وریایی نیشانداوە» (زەبیحی:٢٠١٧،ل١٨-١٩). دواتریش کەهاتۆتە باشووری کوردستان بووە بەبەرپرسێکی باڵای پاتی دیموکراتی کوردستانی باڵی (جەلالی)،بەڵام وەکتر جگە لە ڕایکردنی کاری حیزبی و سیاسی خاوەنی (قامووسی زمانی کوردی) لە دووبەرگی جیاوازدا، کە لەساڵانی (١٩٧٧) و (١٩٧٩)دا لەسەرئەرك و لەڕێگای کۆڕی زانیاری کوردەوە بەچاپ گەیاندوون، بەجۆرێك عەبدولڕەحمانی زەبیحی لە سەرەتای بەرگی یەکەمیاندا پشت بەستوو بەدەیان سەرچاوەی جۆراو جۆرپێشەکیەکی وردی سەبارەت بەزمان ومێژووی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی زمانی کوردی نووسیوەو هەروەها دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٤٠-٢٠٠٧) وەك زمانزان و ئەکادیمیەکی شارەزا بە هەمان شێوە، بابەتێکی گرنگی سەبارەت بەبواری فەرهەنگ نووسی و سەرهەڵدانی فەرهەنگ نووسی لە نێوکورددا نووسیوەو لە هەمانکاتدا، رانانێکی گرنگی بۆ فەرهەنگ و کارەکەی نووسەری (قامووسی زمانی کوردی) عەبدولڕەحمانی زەبیحی کردوەو بەبایەخێکی زۆرەوە هەڵسەنگاندنی بۆکردووە(زەبیحی:١٩٧٧،ب١،ل٥). جگەلەوەش لەساڵی دواتردا عەبدولڕەحمانی زەبیحی کتێبێکی تری وەرگێڕدراوی خۆی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (جوگرافیای کوردستانی ئێران) (سروە:١٣٦٤،ژ١). لەساڵی (١٩٥٩)شدا نامیلکەی ( ئاشتی خوازی لادێ و پەیمانی دوولایی) وەك داستانێکی شیعریی هەرلە شاری بەغدا بڵاوکردۆتەوە(نەریمان:١٩٨٥،ل٥٨). وەك چۆن لەساڵانی پێشتریشدا کە لە وڵاتی شام بە عیسا عەرەفات ناسراو بووەو هەر لەوێ ولەساڵی (١٩٥٧)دا بەزمانی عەرەبی و بەناوی خواستراوی (محمود حسن شنوی)، توانیویەتی نامیلکەیەك بنووسێت و بەناونیشانی (الرد على الكوسموبوليتيه)بڵاوی بکاتەوەو لەم ساڵانەی دوایشدا لە لایەن عەلی کەریمییەوە دووبارە چاپ وبڵاوبکرێتەوە(زەبیحی:٢٠١٧،ل٩و١١٩).. هەروەها جگە لە کتێب زەبیحی ناوبەناو لە گۆڤارو ڕۆژنامەکوردییەکانی باشووری کوردستاندا گەلێك نووسینی بەرچاودەکەوێت لەوانە : «سۆسیالیزم بەزمانی سادە«، کە لە هەفتەنامەی ڕزگاریدا بڵاوی کردۆتەوە (ئەمین:١٩٩٧،ل٩٨). لەساڵانی دواتریشدا بابەتێکی مێژوویی سەبارەت بە شێخ مەحموودی حەفید بەناونیشانی : «شێخ مەحموودی نەمر سەرکردەی لێهاتووی نەتەوەی کورد» کە لەسەرەتای هەفتاکانی سەدەی رابردودا لەڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوی کردۆتەوە، لەبەشێکیدا سەبارەت بەشێخ مەحموود نووسیویەتی: « شێخ مەحموودی نەمر لە زروفی کوردستانێکی پاشکەوتەدا، لەزروفێکدا کەکوردەواری گیرۆدەی داوی خەرافات و خیلافاتی عەشایەری و دەرەبەگی بوو، لە زروفێکدا کە ئەوکەسانەی جڵەوی کۆمەڵیان بەدەستەوە بوو، جگە لە قازانجی خۆیان مەبەستێکی تریان نەبوو، بەرچاویان هێندە تەنگ بوو، کە لەسەرلووتی خۆیان بەولاوە هیچیان نەدەدی لە زروفێکدا ئیمپریالیزمی ئینگلیس نەخشەی پەرەپێدانی نفوزی خۆی زۆر چاك کێشابوو، بەمەقەستی ئیستعمارچێتی کەوتبووە گیانی قوماشی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات و بە ئارەزووی خۆی لەتوکوتی دەکردو حاکمە سیاسیەکانی ئینگلیزیش ئەوتاکتیکەیان دەبرد بەڕێوە کە خزمەتی ئیستراتیژی ئیستعماری ئینگلیزی پێ وەدیدەهات »(زەبیحی:١٩٧٣،هاوکاری،ژ١٨٩). هەروەها زەبیحی هەر لە(هاوکاری)دا و لەساڵیادی جەژنی نەورۆزدا، بەناوی تەواوی خۆیەوە بابەتێکی سەرنجڕاکێشی سەبارەت بە نەورۆز نووسیوە بەناونیشانی:« باتەپوتۆزی ساڵان لەنەورۆز بتەکێنین»، کەبۆنووسینی ئەوبابەتە کۆمەڵێك سەرچاوەی مێژوویی بەزمانی فارسی بەکارهێناوەو لە درێژەی نووسینەکەیدا وردەکاری زۆری

تیاکردوە(زەبیحی:١٩٧٣،هاوکاری،ژ١٥٩). بەڵام حەسەنی قزڵجی لەلێکۆڵینەوەکانی وەك (لەبارەی هێندێ لە نهێنییەکانی ڕێزمانی کوردی) (قزڵجی:١٩٧٧،کۆڕی زانیاری،ب٥،ل١١٣) و( گۆڕانی پیتەکان بەیەکتر، جێگۆڕکێی پیتەکان و سوان وتێکشکانی وشەکان بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر پیتەکاندا دێ)(قزڵجی:١٩٧٨،ب٦،ل١١٨). ئەوانەوجگە لە هەموو ئەو نووسین و چیرۆکانەشی، کە قزڵجی لەماوەی ژیانی حیزبایەتی لەنێو تودەی ئێران وکارکردنی لە رادیوی پەیکی ئێرانی ئەوحیزبە، هەروەها لە ژیانی پەناهەندەیشیدا لە باشووری کوردستان و شاری بەغدا دۆستێکی نزیکی حیزبی کۆمەنیستی عێراق بووە، بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی کوردو سیاسەتی نێونەتەوەیی حیزبی کۆمەنیستی عێراقی بە نموونە هێناوەتەوەو لە بڵاوکراوەکانیشیاندا نووسینی بڵاوکردۆتەوەو لەساڵی (١٩٧٤)دا چاوپێکەتنێکی لەرۆژنامەی (بیری نوێ)دا لەگەڵ کراوە (حیسامی:١٩٨٦،پەیڤ،ژ٣،ل٣٠٨؛بیمار:١٩٧٤،بیری نوێ،ژ٩٨). هەروەها لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکانی تری وەك: ( هیوا، رۆژی نوێ، رۆژی کوردستان، نووسەری کورد، بەیان ، شۆڕشی کشتوکاڵ، رۆشنبیری نوێ، پاشکۆی عێراق و هاوکاری)دا بەبەردەوامی نووسینی بڵاوکردۆتەوەو لە ساڵانی ١٩٦٥-١٩٧٠دا ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی (کوردستان) بووە کە لەئەوروپا بڵاوکراوەتەوە (حیسامی:١٩٨٦،پەیڤ،ل٣٠٨). کە بەهاوکاری دکتۆرئەوڕەحمانی قاسملوو،کەریمی حیسامی و محەمەدی موهتەدی بەسەریەکەوە (٢٦) ژمارەیان لێ بڵاوکردۆتەوە و بەزۆری ئەرکی زمانەوانی و ڕێك وپێك کردنی زمانەوانی لەئەستۆی حەسەنی قزڵجی بوە (ناهیدە:٢٠١٠،ل٢٩؛تۆفیق:٢٠٠٧،ل٥٤). ئەوەی شایانی باسە ماوەکیش بەناوی خواستراوی (موکری) یەوە کۆمەڵێك نووسین و بابەتی خۆی بڵاوکردۆتەوە لەوانە (پرسیارووەڵام) لەگەڵ (پایزی سوور) کە هەردوکیان لە دووژمارەی جیاوازی رۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوکراونەتەوە (موکری:١٩٧١،هاوکاری،ژ٣٩؛موکری:١٩٧٢،هاوکاری،ژتایبەت).
لەگەڵ بابەتێکی دوورودرێژ بەهەشت ئەلقە هەر لە رۆژنامەی (هاوکاری)یدا بەناوی خواستراوی (موکری) هوەو بەناونیشانی: « شەری نهێنی سیاو ئەنتلجینت سیرفس لە تاراندا)(موکری:١٩٧١،ژ٢٨-٣٦). سەرەرای بڵاوکردنەوەی یەکەمین کۆمەڵە چیرۆك و بەرهەمی وەك کتێبی سەربەخۆ بەناونیشانی (پێکەنینی گەدا)، کە بۆ یەکەم جارولەساڵی (١٩٧٢)دا لەرێگای (بنکەی پێشەوا)ی سەربەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوەو بەپێشەکیەکی هێمنی موکریانییەوە لە شاری بەغدا بەچاپی گەیاندوە(حەسەن:١٩٩٩،ڕامان،ژ٣٥). بەجۆرێك لەساڵانی دواتریشدا هەمان بەرهەمی وەك کۆمەڵە چیرۆك لەلایەن محەمەدی مەلاکەریمەوە چاپدکراوەتەوە(قزڵجی:١٩٨٥).
سەبارەت بە کەسایەتیەکی سیاسی و نووسەرو وەرگێرێکی وەك عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کە تائێستاش لەژیاندایە، سەرەرای ئەوەی ئەویش بەهەمان شێوەی ئەوانی دی زیاتر بەمەبەستی کاروباری حیزبی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب دیموکرات و لەساڵانی دواتریش بووەبە سکرتێری، لە بەیانی ئازاری بەدواوە لەرێگای باشووری کوردستانەوە هاتووەتە بەغداو شانبەشانی راپەڕاندنی کاروباری سیاسی و حیزبی، هاوکات لە بواری نووسین و وەرگێران و کاروباری رۆژنامەونیشدا بەبەردەوامی کاری کردوە، سەرەتا وەك نووسەرێکی سیاسی هاتۆتە بەرچاو بەوەی تەنها لەرۆژنامەیەکی وەك هاوکاریدا دەیان بابەتی جۆراوجۆری سیاسی سەبارەت بەئێران کاروباری ناخۆیی ئێرانی سەردەمی شاهنشاهی نووسیوەو بۆچوون و لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی لەم بوارەدا تاقیکردۆتەوە، بەڵام هەرئەوەبوەو بەشێوازێکی زۆرکەم نەبێت لەسەرەتاوە بەناوی تەواوی خۆیەوە نووسینێکی ئەوتۆی بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو بەدەیان ناوی خواستراوەوە لەبواری نووسینی رۆژنامەوانیدا خۆی تاقیکردۆتەوەو بابەتی جۆراوجۆری : سیاسی ومێژوویی پێیان نووسیوە لەوانە ناوو نازناوەکانی وەك : عادل، بهروز، غالب، مەنوهچەر، جەمشید، پاکدل، جوامێر، نامق،جەمال،... وەك دەبینین عەبدوڵلاحەسەن زادە جگە لەکاروباری رۆژنامەوانی و کارکردنی لە رۆژنامەی (کوردستان)و(بنکەی پێشەوا)ی حیزبی دیموکراتدا لەگەڵ ئەوەشدا وەك سەرچاوەیەك بۆژیان ساڵانێکی زۆریش، بەشێوەی (گرێ بەست) لە (دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی) لەبەغدا کاری کردوە(زادە:٢٠٢١،دیدەنی). شابەشانی ئەوەش چەند کتێب و نامیلکەیەکی مێژوویی و ئەدەبی بەتایبەتی (رۆمان) و چیرۆکی لەزمانی عەرەبی وفارسییەوە وەرگێڕاوە بۆ سەرزمانی کوردی و لەرێگای (بنکەی پێشەوا)ی سەربەحیزبی دیموکراتی کوردستان و دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردییەوە لە بەغدا بڵاویانی کردونەتەوە لەوانە کتێبی مێژوویی : کوردستان و کوردی دکتۆر قاسملوو، کە لەعەرەبییەوە کردویەتی بەکوردی(قاسملو:١٩٧٣،وزادە). لەگەڵ نامیلکەیەکیدا بە ناونیشانی: (واقیعیەتی گەلانی ئێران و ئەفسانەی م- ماکان)، کە لە حەفتاکانی سەدەی رابردوداو لە شاری بەغدا بەناوی : (رێکخراوی رووناکبیرانی کوردی ئێران)هوە لەزمانی فارسیەوە کردویەتی بەکوردی(ماکان:١٩٧١،ل٣٦). هەروەها لەپاش شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیشەوە، وەکو خۆی ئەڵێ لەشاری (مەهاباد) دووبارە ژمارەیەکی زۆری لێ چاپکراوەتەوە(زادە:٢٠٢١،دیدەنی). کەناوەرۆکەکەی زیاتر وەڵامێك بووە بۆ نامیلکەی (ئەفسانەی گەلانی ئێران) کە لە نووسینی : م- ماکان و لەلایەن (بنکەی مەزدەك)هوە لەدەرەوەی ئێران بڵاوکراوەتەوە، لەکۆتایی پێشەکیەکەیدا نووسەری نامیلکەکە، کە عەبدولڕەحمانی قاسملووەو وەرگێڕەکەی عەبدوڵلاحەسەن زادەیە نووسیویەتی: « بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە بەزمانی کوردی رێکخراوی رووناکبیرانی کوردی ئێران بەخوێنەرانی کورد لە عێراق و پارچەکانی تری کوردستاندا دەناسێێ و بۆیان دەردەخا کە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بە پلەیەکی گرنگی پەرە ئەستاندندا تێدەپەرێ و رووناکبیرانی کورد لە ئێراندا هەست بەمەسئولیەتی خۆیان دەکەن و بە بیرێکی علیمیەوە هاتوونەتە ناو مەیدانی خەباتی فیکرییەوە»(ماکان:١٩٧٣،ل٤).دواتریش هەریەك لە (بیرەوەریەکانی دوورخراوەیەك)(نەسین:١٩٧٩،وزادە) لەگەڵ رۆمانی تەنزئامێزی

(گێڵەپیاو)، کە لەنووسینی نووسەری ناسراوی تورك عەزیز نەسینن و لەساڵانی حەفتاکانیشدا، کاتێك هەردووکیان بەزمانی کوردی دەرچوون لەپڕفرۆشترینی ئەو کتێبانەبوون، کە لەوماوەیەدا بڵاوکرانەوە بەتایبەتی ڕۆمانی (گێلەپیاو) کە لەناوچەکانی کوردستاندا دەستاودەستی پێ دەکرا بۆخوێندنەوە(نەسین:١٩٧٨،وزادە). جگە لەوەش هەرلەسەرەتای حەفتاکاندا عەبدوڵڵای حەسەن زادە جگەلە نووسین و وەرگێڕانی بابەتی جیاواز، وەك ئەوەی پێشتریش ئاماژەی پێکرا بەناوی خواستراوەوە کۆمەڵێك زنجیرە بابەت و لێکۆڵینەوەی جیاوازیشی لەڕێگای ڕۆژنامەی (هاوکاری)هوە بڵاوکردۆتەوە لەوانە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سەبارەت بەکۆماری کوردستان بەناونیشانی: « لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی نەتەوەی کورد». بەسەریەکەوە ئەم نووسینەی به (١٠) زنجیرە بڵاوی کردونەتەوەو بۆیەکەم جار لەژمارە (١٥١)ی ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٣ بە ناوی خواستراوی (عادل) نووسیویەتی و هەروەك خۆشی ئاماژەی بۆ کردووە ، نووسینەکەی زیاتر : «بەبۆنەی بیست وحەوتەمین بیرەوەری دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستانەوە» نووسیویەتی، بەجۆرێك لەسەرەتای نووسینەکەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە : « دامەزراندنی کۆماری مەهاباد یەکێك لە گەورەترین دەسکەوتەکانی خەباتی نەتەوەی کوردو فەسڵێکی ڕووناکی مێژووی تازەی گەلەکەمانە، هەرچەندە ئەوکۆمارە کەمتر لە ساڵێك خۆی ڕاگرت و بەهاودەستی کۆنەپەرستی ئێران و ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە خوێن و فرمێسکدا نقوم کرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاقیکردنەوەیەکی گرنگی تاریخی بوو، بۆهەتاهەتایە وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورددا دەدرەوشێتەوە».هەروەها زنجیرەکانی تری تەخان کردوە بۆ‹ دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری مەهاباد›،‹ سروشتەکانی جوڵانەوەی مەهاباد›(عادل:١٩٧٣،هاوکاری،ژ١٥٤) ،‹کارە گرنگەکانی جوڵانەوەی مەهاباد› (عادل:١٩٧٣،هاوکاری،ژ١٥٥). ‹ناتەواویەکانی جوڵانەوەی مەهاباد› (عادل:١٩٧٣،هاوکاری،ژ١٥٧). لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا زنجیرەیەکیشی تەخانکردوە بۆهۆکارەکانی: ‹ڕووخانی کۆماری مەهاباد› (عادل:١٩٧٣،هاوکاری،١٦ی مارتی١٩٧٣).بەڵام هەردووزنجیرەی کۆتایی لێکۆڵینەوەکەی تەخانکردوە بۆ ‹تاقیکردنەوەکانی جوڵانەوەی مەهاباد› و‹ پاش ڕووخانی جمهوری› وەك ئەوەی لە دەقی نووسینەکەیدا بەوشێەیی ئاماژەی بۆکردوە، بەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان پاش کۆمارو بەتایبەت لەساڵی (١٩٤٨) بەدواوە دەکەوێتە چالاکی و ڕێکخستنەوەی ریزەکانی خۆی و : «خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە ئێران وەك خەباتی سەرتاسەری ئێران ڕۆژ بەرۆژ زیاتر پەرەدەگرێت وبەرەوپێش دەڕوات» تائەوکاتەی کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣ بەرپادەبێت و شای دەرکراو هەڵاتووو، دووبارە دەگەڕێتەوە سەردەسەڵات(عادل:١٩٧٣،هاوکاری،ژ١٦٠). هەروەها عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە زنجیرەوتارێکی تریدا ، کە بەچەند زنجیرەیەکی ترو بەناوی خواستراوی (جەمال) بەناونیشانی :« چەندبەشێك لە دیفاعاتی ڕێکخراوی گیانبازانی گەلی ئێران » بڵاوی کردۆتەوە، هەڵسەنگاندنێکی وردی سەبارەت بەسیاسەتی فەرمانڕەوایانی شاهنشاهی کردوە بەرانبەر بەگەلانی ئێران و هاوکات ئەوشێوازی بەرەنگارییەی کە (ڕێکخراوی گیانبازانی ئێرانی) خۆیان لە چوارچێوەی نامیلکەیەکی سەربەخۆدا بڵاویان کردۆتەوە، عەبدوڵلا حەسەن زادەش هاتووە بەزنجیرە ناوەرۆکی نامیلکەی ناوبراوی بۆخوێنەران و ڕای گشتی جیهانی خستۆتەڕوو، بەوەی کە لە میانی ئەو نووسین و شەهادەتانەوە چی لەوڵاتی ئێرانی شاهنشاهیدا دەگوزەرێت(جەمال:١٩٧٢،هاوکاری،ژ١٢٩). بەڵام لە درێژەی نووسینێکی تریدا، کە بەدووزنجیرە هەر لەڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوی کردۆتەوە بەناونیشانی:« سیاسەتی کاربەدەستانی ڕژێمی شا بەرامبەر بەمەسەلەی کورد» و ئەمەشیانی هەربەناوی خواستراوی (غالب)هوە بڵاوکردۆتەوەو بەزۆری تیایدا باسی لە ژیانی ئەو« ئەوپێنج ملیون کوردەی کوردستانی ئێرانی» ئەوکاتەی کردوە ، کە چۆن لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئێرانییەوە، بەدرێژایی مێژوو زوڵم و زۆری کۆمەڵایەتی ڕژێمی ئەوکاتەی ئێرانی لەسەرشان بووەو بەتوندیش لە ژێر ستەم و بێدادی نەتەوایەتیدا ناڵاندویانەو زمان وئەدەب وفەرهەنگی نەتەوایەتیان لێ قەدەخەکراوە(غالب:١٩٧٣،هاوکاری،ژ١٦٧). هەروەها یەکێکی تر لەوبابەتانەی کە هەر عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەوکاتەداو بەناوی خواستراوی (جەمال) هوە،جێی سەرنج و لێکدانەوە بووبێت سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەویش بەناونیشانی :« سەرنجێك لەوەزعی دواکەوتوی کوردستانی ئێران» بڵاوی کردۆتەوەو شرۆڤەولێکدانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لەسەرکردوەو بەکورتی دابەشی کردووە بەسەرچەند سەرباسێکی جیاوازدا لەوانە لایەنی : «فەرهەنگی، تەندروستی و لەگەڵ بارودۆخی کشتوکاڵ»دا(جەمال:١٩٧٢،هاوکاری،ژ١٤١). جگە لەهەموو ئەوانەش یەکێکی دی لەوکارەگرنگانەی ، کە عەبدوڵڵا حەسەن زادە سەبارەت بەڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەوبەشەی کوردستانداو لەڕێگای ڕۆژنامەکانی ئەودەمانەی باشووری کوردستانەوە کاری لەسەرکردبێت ئەویش بەشێك لەونووسینانەیەتی، کە زیاتر سەبارەت بەکەسایەتی وناساندنی فەرماندەکانی بزوتنەوەی چەکداری (١٩٦٧-١٩٦٨)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسیونی ، بەتایبەتی پاش شکستهێنانی ڕاپەڕینەکەیان وگیان لە دەستدانی زۆربەی زۆری کادیرو فەرماندەکانی بەسلێمانی موعینی سەرکردەشیانەوە لەوانە بابەتی : «مەلائاوارە شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کوردستان» (عادل:١٩٧٢،هاوکاری،ژ١٣٥). « پێنجەمین ساڵی شەهیدبوونی مەلائاوارە» (غالب:١٩٧٣،هاوکاری،ژ١٨٤). کەدووجارو بگرەزیاتریش بەناوی خواستراوی (عادل)و(غالب)هوە نووسینی لەبارەیانەوە بڵاوکردۆتەوە. هاوکات بابەت و نووسینەکانی تری سەبارەت بە : « مەلامەحموودی زەنگەنە شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کوردستان»(عادل:١٩٧٢،هاوکاری،ژ١٣٧). هەروەها بابەتی « یادی شەهیدبوونی قارەمانی نموونەی گەلی کورد سمایلی شەریف

زادە»، كە هەموو ئەم نووسینانە بایەخیان لەوەدا دەردەكەوێت ، كە زۆر راستی مێژوویی لەبارەیانەوە تۆماركراوەو هاوكات لەلایەن نووسەروقەڵەمی كەسێكەوە نووسراون ، كە بەخۆی هاوچەخی ڕاستەقینەی ڕووداوەكان بووەو هەروەها خۆی لە نزیكەوە ناسیونی كە ئەمانەش بۆڕاستی و بۆ مێژوو بایەخێكی گرنگیان هەیە بەتایبەتی بۆهەمووئەوانەی كە دەیانەوێت لەئێستاو لەداهاتوودا سەبارەت بەڕۆژهەڵاتی كوردستان و بەتایبەتی بزووتنەوەی چەكداری ساڵانی(١٩٦٧-١٩٦٨) بنووسن(غالب:١٩٧٣،هاوكاری،ژ١٦٥). جگە لە نووسین و بڵاوكردنەوەی دەیان لێكۆڵینەوەو بابەتی تری سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی كە لەوماوەیەو لەساڵانی دوای ڕێكەوتنامەی جەزائیری ٦ی مارتی ١٩٧٥ بەبەردەوامی سەبارەت بەخەباتی گەلان و بارودۆخی گەلی كورد بەزۆری هەر هەموو بەناوی خواستراوەوە، لەڕێگای ڕۆژنامەی (هاوكاری)هوە بڵاوی كردۆتەوە هەریەكەو وەك پێشتریش ئاماژەیان بۆكرا لەشوێنی تایبەتی خۆیاندا بایەخی مێژوویی خۆیان دەبێت.

**ئەنجام**

توێژەران لەنووسینی ئەم توێژینەوەیاندا بەچەند ئەنجام وڕاستیەكی مێژوویی گەیشتوون كەدەكرێت لەمانەی خوارەوەدا دەستنیشانیان بكەین:

یەكەم : لایەنی هاوخەباتی لەنێوان كوردانی ڕۆژهەڵات و باشووری كوردستان، بەتایبەتی لەساڵانی جەنگی یەكەم بەدواوە بەنووسین وبەدیكۆمێنت بەڕوونی بەرچاودەكەن و دەتونرێت لەم لایەنەشەوە دەیان نموونەی گونجاودەستنیشان بكەین. هەرلەشۆڕشەكانی شێخ مەحموود وسمكۆی شكاكەوە بگرە تادەگاتە قۆناغی كوماری كوردستان لەمەهابادو ساڵانی دواتریش.

دووەم: لەسەردەمی بڵاوبوونەوەی گۆڤاری گەلاوێژدا(١٩٣٩-١٩٤٩) دەیان ئەدیب و نووسەری ڕۆژهەڵاتی كوردستان نووسین و بەرهەمی خۆیان لەم گۆڤارەناوازەی باشووری كوردستاندا كەلە شاری بەغدا دەرچووە بڵاوكردۆتەوە.

سێیەم: لەسەردمی كۆماری كوردستان ودواتریشدا چەندین گۆڤاروبڵاوكراوەی كوردەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لەشاروناوچەكانی باشووری كوردستاندا دەرچوون وبەنهێنی نێردراونەوتەوە ڕۆژهەڵاتی كوردستان لەوانە: گۆڤاری ڕێگا،گۆڤاری باهۆز، ڕۆژنامەی كوردستان لەشاری سلێمانی كەئەحمەد تۆفیق(عەبدوڵڵای ئیسحاق) وهاوەڵانی بڵاویان كردۆتەوە.

چوارەم: لەكۆماری كوردستان بەدواوە حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران چالاكی تەنانەت بارەگاسەركیەكانی خۆی گواستۆتەوە باشووری كوردستان و لەسەربەندی بەننامەی ئازاربەدواوە چوونەتە شاری بەغدا و هاوكات گۆڤارو ڕۆژنامەو كتێبی جۆراوجۆرو (بنكەی پێشەوا)ی چاپەمەنی كوردیان دامەزراندووەو تەنانەت ڕادیوی تایبەت بەخۆیان هەبووە.

پێنجەم: دەیان ئەدیب و نووسەرو شاعیری ناسراوی ڕۆژهەڵاتی كوردستانی وەك: زەبیحی،هەژری موكریانی،هێمنی موكریانی،عەبدوڵلا حەسەن زادە، كەریمی حیسامی،حەسەنی قزڵجی....هاتوونەتە باشووری كوردستان ولەوێشەوەبۆشاری بەغداو لەگۆڤارورۆژنامەكوردیەكانی باشووری كورستان وبەغدادا نووسینی خۆیان بڵاوكردۆتەوە لەكاری ڕێكخراوەیی ئەوكاتەی كوردستاندا بوون بە ئەندام لەوانە : كۆڕی زانیاری كورد، یەكێتی نووسەرانی كورد، كۆمەڵەی ڕۆشنبیری كوردو تەنانە كەسێكی وەك هەژاری موركریانی لەساڵی(١٩٧٠)دا بەیەكەم سەرۆكی یەكێتی ئەدیب ونووسەرانی كورد هەڵبژێردراوە.


١. لیستی سەرچاوەكان :

٢. یەكەم/ نامەی زانكۆیی:

٣. عوسمان دەشتی، هێمن دەربارەی ناوەرۆكی سیاسی وكۆمەڵایەتی شیعرەكانی، ماستەرنامەی (بڵاونەكراوە)، زانكۆی سەلاحەدین ،كۆلێژی ئاداب ،بەشی كوردی،(هەولێر: ٢٠٠١).

٤. ناهیدە حسێن عەبدولڕەحمان، لایەنی سیاسی و كۆمەڵایەتی لە چیرۆكەكانی حەسەنی قزڵجی دا، ماستەنامەی (بڵاونەكراوە)، زانكۆی سەلاحەددین، كۆلێژی پەروەردە، بەشی كوردی،(هەولێر:٢٠١٠).

٥. دووەم/كتێبی بیرەوەری:

٦. ئەمیری قازی، لەبیرەوەریە سیاسییەكانم، چ٢،(سلێمانی:٢٠١٤).

٧. جەمال نەبەز، بیرەوەرییینامەی ئەوڕۆژانەی جارەكی دی ناگەڕێنەوە،(سلێمانی:٢٠١٧).

٨. حەسەن ڕەستگار، برگەیەك لە ژیان و خەباتم ، ب١،چ١،دەزگای ڕۆشنگەری،(ئەڵمان:٢٠٢١).

٩. خدرمەرەسەنە، بیرەوەریەكانم بۆمێژوو،ب٣،چ١،(سلێمانی:٢٠٠٦).

١٠. فەرەیدون عەبدولقادر، هەلۆسوورەكانی قەندیل، چ٢،(سلێمانی:٢٠٢٠).

١١. كەریم حیسامی، بیرەوەریەكانم ،ب١، (سلێمانی:٢٠١٨).

١٢. كەریم حیسامی،لە بیرەوەرییەكانم،ب٢، (سلێمانی:٢٠١٨).

١٣. سەعید ناكام، بیرەوەرییەكانی سەعید ناكام، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس،(هەولێر:٢٠٠٣).

١٤. محەمەدی شاپەسەندی،بیرەوەرییەكانی محەمەدی شاپەسەندی،ئا: سدیق ساڵح، (سلێمانی:٢٠٠٧).

١٥. مەلاڕەسوڵی پێشنماز،سەربردەی ژیانم،ب١،چ١،(سلێمانی:٢٠١٢).

١٦. سێیەم/ كتێب بەزمانی كوردی:

١٧. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی كوردیی بەغدا ١٩٧٠-١٩٧٤، قۆناغی نوێ،دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی،(بەغدا:٢٠٠٥).

١٨. ئەحمەد باوەڕ، دۆزی کورد لەپەیوەندییەکانی عێراق- ئێراندا ١٩٣٧-١٩٤٧، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،(سلێمانی:٢٠١٤).
١٩. ئەحمەد باوەڕ،گەرمیان وناوچەی خانەقین لەسایەی وڵاتانی گەورەوفەرمانڕەوایانی بەریتانیادا ١٩١٤-١٩٧٥،(سلێمانی:٢٠١٩).
٢٠. بێژەن ساعدی، حەقیقەتی،دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە، تایبەت بەحیزبی دیموکراتی کوردستان وڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەلی کورد،(کوردستان:٢٠١٩).
٢١. جەلیل گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی ئێران، ب١، دەزگای توێژینەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆك)، چ٢،(هەولێر:٢٠٠٨).
٢٢. جوتیارتۆفیق، بیبلۆگرافیایرۆژنامەگەریی کوردی،(سلێمانی:٢٠٠٧).
٢٣. هەژاری موکریانی، ئامادەکردنی: شەماڵ حەوێز و کەریم سۆفی، (هەولێر:٢٠٠٥).
٢٤. هەژار،چێشتی مجیور،پەخشانگای ئانا،(تهران:١٣٩٢).
٢٥. هێمن، دیوانی هێمن١٩٢١-١٩٨٦،(هەولێر:٢٠٠٣).
٢٦. حەسەنی قزڵجی، پێکەنینی گەدا ،پێشەکی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی عەلا،(بەغدا:١٩٨٥).
٢٧. عەبدولڕەحمانی زەبیحی، قاموسی زمانی کوردی، ب١،کۆڕی زانیاری کورد،(بەغدا:١٩٧٧).
٢٨. عەبدولڕەحمان زەبیحی(محمود حسن شنۆیی)، ڕەتدانەوەی کۆسمۆپۆلیتیزم٠الرد على الکوسمۆبولیتیه)،ئامادەکردنی:عەلی کەریمی،(سلێمانی:٢٠١٧).
٢٩. عەبدولڕەحمان قاسملو وعەبدوڵڵا حەسەن زادە،کورتەمێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، (سلێمانی:٢٠٠٢).
٣٠. عەبدولستار تاهیر شەریف، ململانێ لەگەڵ ژیاندا، یاداشت، ١٩٧١-١٩٨٣، ب٢،چ١،(کەرکوك:٢٠٠٧).
٣١. عەزیزنەسین، بیروەریەکانی دوورخراوەیەك، و: عەبدوڵڵا حەسەن زادە، چاپخانەی ئەسعەد ، (بەغدا:١٩٧٩).
٣٢. عەزیزنەسین، گێلە پیاو، وەرگێڕانی :عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لە فارسییەوە کردوویە بەکوردی ، دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی، چ١،(بەغدا:١٩٧٨).
٣٣. عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی،(سلێمانی:٢٠٠٥).
٣٤. سەلاح بەدرەدین، چەند لاپەڕەیەك لەژیانی نەتەوەیی هەژاری موکریانی لە ڕۆژئاوای کوردستان، فێستیڤاڵی هەژاری موکریانی،(هەولێر: ).
٣٥. سەربازمەجید خۆشناو، کۆنگرە ناوخۆییەکانی مامۆستایانی کورد لەشەقڵاوە ١٩٥٩ و ١٩٦٠، چ٢، (هەولێر :٢٠١٨).
٣٦. سدیق ساڵح و ئەوانی دی، گۆڤاری گەلاوێژ،ب١١،ژیاننامەو پێرست ،(هەولێر:٢٠١٦).
٣٧. سمایل بازیار، کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دیموکرات بەنموونە،چ١،(هەلێر:٢٠٢٠).
٣٨. سوارە ئیڵیخانی زادە، تاپۆو بوومەلێڵ، چ١،(تاران:١٣٧٩).
٣٩. فەرهاد عەونی ،٣٦ نامەوچەند کەسایەتیەکی دیوانی من ،چ١، (هەولێر:٢٠١٩).
٤٠. فاروق عەلی عومەر،ڕۆژنامەگەریی کوردی لەعێراق، بەراییەکان ١٩١٤-١٩٣٩،وەرگێڕانی:تاریق کارێزی ، (هەولێر :٢٠٠١).
٤١. کەریم حیسامی ،پێداچوونەوە،گەشتێك بەنێوبزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەکوردستانی ئێران، ب١، (ستۆکهۆڵم:١٩٩٦).
٤٢. کەریمی حیسامی ،پێداچوونەوە،کوردستانی ئێران١٩٤٧-١٩٧٨، ب٢،(ستۆکهۆڵم:١٩٩٧).
٤٣. کەریمی حیسامی، لەپێناو چی دا ؟، بنکەی سارا بۆچاپەمەنی وبڵاوکردنەوە ،(ستۆکهۆڵم:١٩٨٨).
٤٤. کرمانج گوندی، سی ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران، (سوید:١٩٩٠)
٤٥. کرێس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدوبیستم دا،و:حمەکەریم عارف،چ٢،(هەولێر:٢٠٠٦).
٤٦. مستەفا نەریمان، فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد،چاپخانەی ئەسعەد،(بەغدا:١٩٨٦).
٤٧. مستەفا نەریمان، بیلۆگرافیای رۆژنامەی هاوکاری، ب١، ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، (بەغدا :١٩٨٥).
٤٨. نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنین ، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣،(ئەڵمانیا:١٩٩٧).
٤٩. نەوزاد عەلی ئەحمەد، پشکۆیەك لەخۆڵەمێشدا،بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، چ١،(سوید: ٢٠١٠).
٥٠. واقیعیەتی گەلانی ئێران و ئەفسانەی م – ماکان، رێکخراوی رووناکبیرانی کوردی ئێران ، ئوتی ١٩٧١.
٥١. یاسین سەردەشتی ،کوردستانی ئێران، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەجوڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد ١٩٣٩-١٩٧٩،(سلێمانی:٢٠٠٣).
٥٢. چوارەم/کتێب بەزمانی عەرەبی:
٥٣. جابر ابراهیم الراوی، الحدود الدولیه ومشکله الحدود العراقیه الایرانیه دراسة قانونیة وثائقیة ، مطبعة دار السلام ،(بغداد:١٩٧٥).
٥٤. حبیب محمد کریم، الحزب الدیمقراطی الکوردستانی-العراق،فی محطات رئیسیة ١٩٤٦-١٩٩٣، (کوردستان :١٩٩٨).

٥٥. صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق،قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١،(بيروت:٢٠٠١).

٥٦. لكي يصان السلام وتتعزز الوحده الوطنية، منشورات الثورة، ط٢:(بغداد:١٩٧٣).

٥٧. علي سنجاري، القضيه الكورديه والحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق،ج١،(دهۆك:٢٠٠٦).

٥٨. علي شمدين، عبدالرحمن ذبيحي عولما صفحات من سيرة حياته، ط١،(السليمانية:٢٠١٩).

٥٩. مؤيدابراهيم الونداوي، العراق في التقارير السنويه للسفارة البريطانيه في بغداد ١٩٥٩-١٩٧٣،ط١،(عمان:٢٠١٩).

٦٠. پێنجەم/کتێب بەزمانی فارسی:

٦١. اذرميدخت مشايخ فريدني، مسائل مرزى ايران و عراق و تاثير ان درمناسبات دو كشور، انتشارات امير كبير،(تهران:١٣٦٩).

٦٢. محمود نادري، حزب دمكرات كردستان ايران،مؤسسه مطالعات وپژوهشهاى سياسى(تهران:١٣٩٤).

٦٣. شەشەم/گۆڤار بەزمانی کوردی:

٦٤. گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە (٧٤)، ساڵی ١٩٧٩.

٦٥. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(٧٣)، ساڵی ١٩٧٩.

٦٦. فەرەیدون حەکیم زادە، هەژار لەلوتکەدا، بەرهەمی ژیان و تێکۆشانی ئەدەبی، سیاسی و فەرهەنگی مامۆستا هەژار، بڵاڤۆکی ڕاژە،(مەهاباد:١٣٩٩).

٦٧. بزورگی عەلەوی، سەمای مەرگ، گۆڕینی :شنۆیی، بەیان(گۆڤار) ،ژمارە(٣٥)، نیسانی ١٩٧٦.

٦٨. حەمەسەعید حەسەن، حەسەنی قزڵجی بڵندگۆیەکی راستبێژ، رامان (گۆڤار)، ژمارە(٣٥)، ئایاری ١٩٩٩.

٦٩. حەسەنی قزڵجی، لە بارەی هێندێ لە نهێنییەکانی ڕێزمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد (گۆڤار)، بەرگی پێنجەم ، (بەغدا:١٩٧٧).

٧٠. حەسەنی قزڵجی، گۆڕانی پیتەکان بەیەکتر، جێگۆڕکێی پیتەکان و سوان و تێکشکانی وشەکان بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر پیتەکاندا دێ، کۆڕی زانیاری کورد (گۆڤار)، بەرگی شەشەم ، (بەغدا:١٩٧٨).

٧١. وتووێژ لەگەڵ پرۆفیسۆرد.عیزەدین مستەفارەسووڵ لەسەرکەسایەتی شەهید دکتۆر قاسملوو، تیشك (گۆڤار)، ژمارە(٢٤)، خاکە لێوەی ١٣٨٨.

٧٢. شەمیم هەمەدانی، جوگرفیای تەبیعی کوردستانی ئێران:وەرگێڕ:ع.أ.زەبیحی،سروە(گۆڤار)،ژمارە (١)ی بەهاری (١٣٦٤).

٧٣. کاکەمەم بۆتانی، یەکێتی نووسەرانی کورد چۆن دامەزرا، رۆشنبیری نوێ ،ژمارە(٦)، (١٩٧٤/١/١١).

٧٤. کەریمی حوسامی، لەئەدەبیاتی بێگانەوە: ١٠ وەزیر، دەفتەری کوردەواری (گۆڤار)، ب٣ ،بەغدا : مایس- ئاغوستسی ١٩٧٠.

٧٥. کەریمی حوسامی، لەئەدەبی بێگانە: ین چە، نوسینی: یو-سونگ لینگ، دەفتەری کوردەواری (گۆڤار)ب٤ ، بەغدا : تەمووز- ئاب ١٩٧١.

٧٦. کەریم حسامی، لێکۆڵینەوەیەکی رخنەیی لەسەرئینسکلۆپیدیای کورد،هاوکاری، ژمارە (١٢٨)،(٥ی ئابی ١٩٧٢).

٧٧. کەریم حیسامی، شەهیدی نەمر حەسەنی قزڵجی، پەیڤ(گۆڤار)، ژمارە(٣)، ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەمی ١٩٨٦.

٧٨. حەوتەم/گۆڤاربەزمانی عەرەبی:

٧٩. عماد يوسف قدوره،التأثير الاقليمي والدولي في القضية الكردية في العراق (دراسة حالة ١٩٧٢-١٩٧٥)، المركز الدولي للابحاث ودراسة السياسات ،(اكتوبر٢٠١٦).

٨٠. هەشتەم/ڕۆژنامە بەزمانی کوردی:

٨١. هاوکاری، بانگی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد بۆ هەموو نووسەرانی کورد، ژمارە (١٠)، (٢١ی مارتی ١٩٧٠).

٨٢. هاوکاری (رۆژنامە)، پەلاماردانی ڕەشبگیری میری تاران بۆسەرگەلی کورد، ژمارە(٥)، هەینی ،(٦ی شوباتی ١٩٧٠).

٨٣. هاوکاری (رۆژنامە)، وتاری مامۆستا هەژاری موکریانی، ژمارە (٥)، ساڵی دووەم ،(٦ی شوباتی ١٩٧١).

٨٤. هاوکاری (ڕۆژنامە)، بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) بەبۆنەی شەهیدبوونی قادری ملا ڕەحیمەوە، ژمارە(١٦١)، (١٩٧٣/٤/٦).

٨٥. ر.زەبیحی، شێخ مەحمودی نەمر سەرکردەی لێهاتووی کورد، هاوکاری، ژمارە(١٨٩)، (١٩٧٣/١٠/١٩).

٨٦. عەبدولڕەحمان زەبیحی، باتەپوتۆزی ساڵان لە نەورۆز بتەکێنین، هاوکاری (ڕۆژنامە)، ژمارە(١٥٩)، (٢٣ی مارتی ١٩٧٣).

٨٧. هاوکاری (ڕۆژنامە)، وتاری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی شەهیدبوونی تێکۆشەر (قادری وێردی)یەوە، ژمارە (١٦٦)، (١٩٧٣/٥/١١).

٨٨. لەگەڵ سکرتێری کۆڕی زانیاری کوردی دا دکتۆرکەمال مەزهەر(کۆڕی زانیاری لاپەڕە هەرەگرنگەکانی مێژووی نەتەوەکەمان ئەچەسپێنێ)، هاوکاری، ژمارەی تایبەتی ،(ساڵی سێیەم )، (١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٢).

٨٩. هێمن، وتاری مامۆستا هێمن لەئاهەنگەکەی یەکێتی نووسەرانی کورد دا، بیری نوێ (رۆژنامە)، ژمارە (٣٤)، (١٣ی شوباتی ١٩٧٣)،

٩٠. ممتاز حەیدەری، رووداوەکانی کۆنفرانسی یەکەمی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، هاوکاری (رۆژنامە)، ژمارە (٥)، ساڵی دووەم،(٦ی شوباتی ١٩٧١).

٩١. هاوکاری (رۆژنامە)، هەڵبژاردنی دەزگای دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد،ژمارە(٧)، هەینی (٢٧ی شوباتی ١٩٧٠).

٩٢. موکری، پایزی سوور، هاوکاری ، ژماره(٣٩)، (٣٠تشرینی یەکەمی ١٩٧١).
٩٣. موکری ، هاوکاری (ژمارەی تایبەت)، ساڵی سێیەم ،(١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٢).
٩٤. موکری، شەڕی نهێنی سیاوئەنتلجینت سێرفس لەتاران، لەژمارەکانی ڕۆژنامەی (هاوکاری)، (٢٨)، (٢٩)، (٣٠)،(٣١)،(٣٢)،(٣٣)،(٣٤)،(٣٦)،ساڵی دووەم ،(ئابی ١٩٧١) و (ئەیلولی ١٩٧١).
٩٥. شنۆیی، وەزعی پەروەردەو فێرکردن لەئێران، هاوکاری، ژمارە(١٢٨)، ساڵی (٥ی ئابی ١٩٧٢).
٩٦. هاوکاری (ڕۆژنامە)، ژمارە(٤٦)، ساڵی ١٩٧١
٩٧. عادل، لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی نەتەوەی کورد، هاوکاری ،ژمارە(١٥١)،(٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٣).
٩٨. عادل، سروشتەکانی جوڵانەوەی مەهاباد، هاوکاری، ژمارە(١٥٤)،(١٦ی شوباتی١٩٧٣).
٩٩. عادل، کارەگرنگەکانی جوڵانەوەی مەهاباد، هاوکاری، ژمارە(١٥٥)،(٢٣ی شوباتی ١٩٧٣).
١٠٠. عادل، ناتەواویەکانی جوڵانەوەی مەهاباد، هاوکاری، ژمارە کانی(١٥٦)، (٢ی مارتی ١٩٧٣)؛ (١٥٧)، (٩ی مارتی ١٩٧٣).
١٠١. عادل، رووخانی کۆماری مەهاباد، هاوکاری ، ژمارە(١٦ی مارتی١٩٧٣).
١٠٢. عادل، پاش رووخانی جمهوری، هاوکاری،ژمارە (١٦٠)،(٣٠ی مارتی ١٩٧٣).
١٠٣. جەمال، چەندبەشێك لە دیفاعاتی ڕێکخراوی گیانبازانی گەلی ئێران، هاوکاری ،ژمارە(١٢٩)، (١٢ی ئابی ١٩٧٢).
١٠٤. غالب، سیاسەتی کاربەدەستانی ڕژێمی شا بەرامبەر بەمەسەلەی کورد، هاوکاری ،ژمارەکانی (١٦٧)، (١٨ی ئایاری ١٩٧٣) و ژمارە (١٦٨)،(٢٥ی ئایاری ١٩٧٣).
١٠٥. جەمال، سەرنجێك لەوەزعی دواکەوتوی کوردستانی ئێران، هاوکاری ،ژمارە(١٤١)، (٤ی تشرینی دووەمی١٩٧٢).
١٠٦. عادل، مەلا ئاوارە شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، هاوکاری، ژمارە(١٣٥)، (٢٣ی ئەیلولی ١٩٧٢).
١٠٧. غالب، پێنجەمین ساڵی شەهید بوونی مەلا ئاوارە، هاوکاری ، ژمارە(١٨٤)،(١٤ی ئەیلولی ١٩٧٣).
١٠٨. عادل، مەلا مەحموودی زەنگەنە شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، هاوکاری، ژمارە(١٣٧)، ٧ی تشرینی یەکەمی١٩٧٢).
١٠٩. غالب،یادی شەهیدبوونی قارەمانی نموونەی گەلی کورد سمایلی شەریف زادە، هاوکاری،ژمارە(١٦٥)، (٤ی ئایاری ١٩٧٣).
١١٠. بیری نوێ (ڕۆژنامە)، لەچلەی شەهیدێکی ڕێگای ئازادیدا، ژمارە(٤٦)،(١٩٧٣/٥/٨).
١١١. بیری نوێ (رۆژنامە)، بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی (ئێران) ، ژمارە(٧٢)، ساڵی دووەم، چوارشەممە، (١٩٧٣/١١/١٤).
١١٢. بیری نوێ (ڕۆژنامە)، لە چلەی شەهیدێکی ڕێگای ئازادیدا، ژمارە (٤٦)،(١٩٧٣/٥/٨).
١١٣. عەبدولرەزاق بیمار، دیدەنیەکی مامۆستا حەسەنی قزڵجی، بیری نوێ(رۆژنامە)، ژمارە(٩٨)، یەك شەمە،(٢ی حوزەیرانی ١٩٧٤).
١١٤. کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، ژمارە(٣٠)، سەرماوەزی ١٣٥٢، دیسامبری ١٩٧٣.
١١٥. کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، ژمارە، (١٢)، بەفرانباری ١٣٥٠ ، ژانویەی ١٩٧٢.
١١٦. حەوتەم/ڕۆژنامە بەزمانی عەرەبی:
١١٧. الفكر الجديد(جريدة)، جريمه دمويه جديدة يرتكبها الحكم العميل في ايران، العدد (٤٢)، (١٩٧٣/٤/٧).
١١٨. التاخي (جريدة)، انتخاب اعضاء مؤزرين جدد للمجمع العلمي الكردي، العدد (١٣٤٢)، (١٩٧٣/٥/٢٧).
١١٩. التاخي(جريدة)، عبد المجيد لطفي، العضوالفخري لاتحاد الادباء الاكراد(امنيات في يوم الاديب الكردي)، العدد (١٢٥٤)، (٨ شباط١٩٧٣).
١٢٠. نۆیەم/ڕۆژنامە بەزمانی فارسی:
١٢١. علی کلاویژ، شعرأزلطیف هلمت شاعرکرد، دنیا، نشریه سیاسی وتئورك کمیته مرکزی حزب توده ایران، سال چهارم (دوره سوم)، شماره(١٠)، دی ١٣٥٦.
١٢٢. أطلاعات(روزنامه)، کنگره حزب دموکرات کرد درعراق افتتاح شد، شماره(١٣٢٣٢)،(٢ ژوئیه ١٩٧٠).
١٢٣. دەیەم/دیدەنی:
١٢٤. دیدەنی لەگەڵ ممتازحەیدەری ،(٢٩ی ئایاری ٢٠٢١).
١٢٥. دیدەنی لەگەڵ عەبدوڵڵای حەسەن زادە،(٥ی تەمووزی ٢٠٢١).
١٢٦. دیدەنی لەگەڵ مەزهەری خالقی، سلێمانی، (١٨ی شوباتی ٢٠٢١).
١٢٧. دیدەنی لەگەڵ ڕەوف بێگەرد ،سلێمانی (٢ی تەمووزی ٢٠٢١).
١٢٨. دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەت ،سلێمانی (٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢١).
١٢٩. دیدەنی لەگەڵ مەلاحەسەن ڕەستگار، (٣٠ی ئابی ٢٠٢١).

.Summary

The field of political harmony and culture between the south and east of Kurdistan is mostly clear during the years of the first world war and after that, which is still rarely written upon in a scientific way whereas the hidden and important details have been explained, especially during negotiations and cease-fire between (1970-1974). This has been considered as an important period in Kurdish history in terms of the development of political and cultural movements in all aspects of Kurdish writing, journalism, and print work, in a way, there was a significant reflection not only in the eastern part, but also on all other parts of Kurdistan. This research is briefly shedding a light on the situation of Kurdish history in southern Kurdistan and its effect on the eastern part. The research is composed of a summary, two parts and list of sources. The first part is about: "The political situation, party activities, and the organizational work of east Kurdistan under the March 11, 1970 declaration until the war on March 11, 1974, between the Leadership of the Kurdish Revolution and the Iraqi Government." The second part is mostly emphasizing on the culture of southern Kurdistan and how to develop Kurdish enlightenment in Baghdad during that period and the influence on the movement and enlightenment of the Kurds in the east of Kurdistan under the title of: "The development of Kurdish enlightenment in south of Kurdistan and its reflection on the east of Kurdistan 1970-1975".